شیرین و خوسرەو بەناوی شاکاری شاعیری ناوداری کورد: خانای قوبادی بەواتاکردن ورێک و پێک کردنی محمدی مەلاکەریم خوابی پارێزێ لە ساڵی ۱۹۷۵ زلە چاپخانەکۆڕی زانیاری کورد لەبەغالەچاپ دراوە.

۲- وادیارە (خوسرەو و شیرین) نیظامی لە ۵۷۱ کۆچی وریکەوتی ۱۱۷۵ز بەشیعر وتراوەو لە ۷ هەزار شیعردا پێشکەش کراوە بە (محەمەدوقزل ئەرسەلان) کورانی (ئیلدەکز) کە قزل ئەرسەلان گوندی (حەمدون)ی بوٚماوەی ژیان داوە بە نیظامی.

۳- لەیلی و مەجنون: - لە۵۸۴ کۆچی وریکەوتی ۱۱۸۸ ز دا لە چوارهەزار هۆنە بە شیعردانراوە و بە (ئەخەستان مەنوچهر) شای شیروان (شاوَران) و (کووردَوان)یش کە شارێکی ئاوەدان بوە،لەونیزیکانەیە.

۴- ئەسکەندەر نامە: - لە ۵۸۷ ک - ۱۱۹۱ز بە شیعر و تویەتی و پێشکەشی کردوە بە یەکەم عیزدەین مەسعود ئەتابەکی موصل و دەهەزار شیعرە.

۵- بەهرام نامە (حەوت پەیکەر): - لە ۵۹۵ک - تا - ۵۹۹ ک (۱۱۹۸-۱۲۰۲ز) دا و تویەتی و هەزار شیعرە و پێشکەشی کردوە بە (میرعەلائەدین گلّپەی رەوادی دواترین سەرداری کوردی) ئەران و ئازربایجان لەبنەماڵەی (میرئەحمەدیل) کە زۆری خوشویستوە و سەر مایەی ژیانی بوە.

بێجگەلە مانە کە تێکرا بیست و هەشت هەزار شیعرن، دیوانە جوانەکەشی پڕەلە قەصیدە و غەزەل و قیطعەو چارین وشتیتر.

نیظامی خوّی کوردبونی خوّی لەلەیلی و مەجنون دا بەئاشکرایی دەرئەخات، لەلاپەرەی ۸۷ و ۸۹ چاپی موٚسکوٚ باسێکی باوانی کوٚن ئەگێڕێتەوە، هەر لە باوکە (ئادەم)ە وە تاسەر باوکی خوّیو بوٚمان دەر ئەخا جا لە بەرئەوەی میهرو محەبەتی لەباوکەوە نەدیوە، خوّی لەباوکی بواردوە.

بەلاّم شانازی بە دایکیەوە کە خانم و خاتونێکی کوردە کـە فـەرمویەتی (گەرمادەری من رەئیسەی کورد)، دایکانە لای من مرد.

لەکوبەی ئەنجومەنی ئەدیبان پەرەی ۳۴ نوسراوە کە نیظامی لەساڵی ۵۹۹ک - ۱۲۰۳زاینی لە (۶۳) ساڵیدا لەگەنجە کوچی دوایی کردوە. بەلاّم بەقەدسەنگی مەزاری لەگە نجەگە حوکومەتی شورەوی ئازربایجان سازی داوە نوسراوە نیظامی لە ۵۳۵ لەدایک بوە و لە ۵۹۹ کوچی مانگی وەفاتی کردوە.

لەم ساڵانەی دواییدا لەشاری باکـوی ئـازربایجان پـەیکەر یـابوکڵە (کوتەل)ی بوچەقاوە وزانکویەکی بە ناونراوە، هەروا لە تارانیش پـەیکەری بوکراوە و ساڵونی کتێخانەی گەورەی زانکوش بەناوی نیظامی ناو براوە. تائێستا زورجایادی نیظامی کراوە.

ئایەتوللا مەلەکوتی لەکونگرەی یادی ئیزامی گەنجەوی لە تەوێز کە لە - ۱ - تا ۴ی تیر مانگی ۱۳۷۰ و ۲۲ تا ۲۵ ژوئن ۱۹۹۱ز-زانکوێ تەورێز سازدرابو، راییگەیاند کە: نیزامی گنجەوی - کوردە و بە شاعیری کوردی ئیمەی ناوبرد (نظامی گنجوی کردی الاصل ما - مجموعه مقالات گنکره بین‌المللی بزرگداشت نهمین سدهٔ تولد حکیم نظامی گنجوی جلد نخست الف - ر انتشارات دانشگاه تبریز سال ۱۳۷۲ی هەتاوی(شەپوڵ).

□ - لە پایزی ۱۳۷۲ی هەتاویدا یادمانێکبە بونەی ۸۱ ساڵانە، بو رێزی لە دایک بونی ئوستاد محەمەد قازی نـوسەر، شـاعیر،مـوترجـیم و وێـژاوەری گـەورەی هاوچەرخ ساز ئەدرێو ئوستاد (شەفیعی کەدکەنی) مـەنزومەیەک بـەو بـونەوە دائەنێ ئەمەش مەنزومەکە: پیری‌دەیر:

قـــاضیا! نـــادره مَـــردا! و بزرگـــا، رادا!

ســـال هشتـــادویکم بـــر تـــو مبـــارک بـــادا!

شـــادی مـــردم ایـــران چـــو بُـــوَد شـــادی تـــو

بُـــوَد کـــه بـــینم هـــه مـه ایـام بـه کـامت شـادا!

پــیر دَیــری، چــو تــو، در دهــر نــبینم امــروز
از در بــلخ گــزین تــا بــه خــطِ بــغدادا!

شــمعِ کُــردانــی و کُــردان، دل ایــرانشــهرند
ای تــو شــمعِ دلِ مــا، پــرتوت افــزون بــادا!

مــایه و دایــهٔ پــروردنِ ایــران مــهین
بــود آئــینِ مهــابادی و مُــلکِ مــادا

فــخر تــاریخ و تبــار هــمهٔ مــاست زکُــرد
شــیخ اشــراق و نظــامی دو تــن از اکــرادا

خــانِ زنــد، آنکــه چُــتو مــادرِ ایران کم زاد
رســتمِ کُــرد بُــد امّــا نکــه فَــرُّخزادا

اصل «کُرمانجی» و «گۆرانی» و «زازا» خود چیست
حــرفِ شــیرین کــه سخن سر کند از فرهــادا

عُمری، ای دوست به فرهنگِ وطن جان بخشید
قــلمت، صــاعقهٔ هــر بَــد و هــر بــیدادا

هــمچنین شــاد و هُشــیوار و سخن پیشەبزی
نــیز هشتــادِ دگــر بــر ســر ایــن هشتــادا![1]

---

۱ - کۆواری دنیای سخن ژومارەی ٦٢ چاپی گەلارێزانی ساڵی ۱۳۷۳ی هەتاوی پەرەی ۲۹ جەنابی شەفیعی کەدکەنی لەم شیعرانەدا دیانی بەوەدا ناوە کە شێخی ئیشراق و نظامی گەنجەوی کوردن بە داخەوە هەندێ لە قەڵەم بەدەستانی ئێرانی لە نوسراوەکانی خۆیاندا کورد دەسڕنەوە وەك لە چاپی دیوانی هومامی تە ورێزیدا کە شیعرە کوردی‌یەکانیان لێ سڕیوەتەوە،یا دوکتور معین کە باسێ بەردەعە دەکا ئەوەێ کە یاقوتی حەمەوی فەرمویەتی: لە بەردە عەدا دەروازەیەك هەیە بە ناوی دەروازەی ئەکراد ئەونەی کوردی زاناو دانا لێیە ناتوانم ناوی هەمویان بێنم، کەچی معین لە ئەعلامدا ئەمەی سڕیوەتەوە، یا دیوانی حەکیم سەنایی کە بە شیعر دەڵێ:

قرنها باید که تا از پشت آدم نطفه‌ای — بوالوفای کُرد گردد یا شود ویس قرن

کە لەچاپی تازەدا ئەوانەی لە بابەت زانایانی کوردەوە لە چاپی یەکەمدا بووە، نەماوەو سڕاو نە تەوە یا کتێبی (خدمات متقابل استاد شهید مطهری لە چاپی تازەدا ئەوانەی وا لە بابەت زانایانی کوردەوە، هەبون. نەماون. - بۆ رون بونەوەی زیاتر بروانە کۆواری ئاوێنە باسی خانا بەقەڵەمی شەپۆل پەرەی ۴۵ بەشی سەرچاوە، چاپی ۱۳۷۱ ژومارەی ۱۰ - و بەرگی ۲ی زانایانی کورد لە باسی خانای قوبادیدا- (شەپۆل).

وێنەی نیزامی گەنجەوی لەموزەی نیزامی لەشاریباکو

مـــن یکـــی کـــورد زادە لشکـــریم

کـــز نیـــاکـــان خـــویش گـــوهریم

کوتەلی نیزامی گەنجەوی لەشاری باکو

**نوکتە:** لەشاری کفری کابرایێ هەبو بەشەو لەقاوەخانەکان شانامەی دەخوێیندەوە نـاوی (شێخ جەبـار) بـوو خـەمسەی نیظـامی بـە هـەڵبەست وەرئەگێرایـە سـەر شێوەی گـۆرانـی کـوردیو بـەشەو لەچـایخانە کـاندا دەیخوێندەوە، ئەبێ رونوسی ئەوە لای خاوخیزا نەکەی مابێ.

بڕوانە ئەم سەرچاوان: ١- دیوانی قەساید و غەزلیات نیظامی گەنجەوی بەکۆششی سەعیدی نەفیسی چاپی ١٣٦٢ هەتاوی.

٢- کوبەی ئەنجومەنی ئەدیبان ئەمین فەیضی بەگ چاپی ساڵی ١٤٠٣ کۆچی مانگی وریکەوتی ١٩٨٣ زاینی چاپی کۆری زانیاری.

٣- فەرهەنگی دیهخودا، فەرهەنگی موعین، فەرهەنگی عەمید، تاریخ ئەدەبیاتِ ئێران دکتورئەدواربراون و بارەگای ئیستای گلکوی نیزامی لەدەرەوەی شاری گەنجە * شەپۆل *

Dr.Saleh Ebrahimi

# یونس کوڕی محەمەدی هەولێری

## ٥٠٨-٥٧٦ مانگی

یونس کوڕی محەمەد کوڕی مەنعە کوڕی مالککوڕی محەمەد کوڕی سەعدکوڕی سەعید کوڕی (عاصم) کوڕی عەکب کوری قەیس ناو دار (بەرەضیالدین) هەو لێری، باوکی دوزانای ناودار: (عیمادەدین ئەبوحامد محەمەد، وەکەماڵەدین عەللامە ئەبوفەتح موسی). مروڤێکی زانا و خووئاکار چاک ز دڵ و درون پاک و با پیرەی زانای ناودار (ئەحمەد کوڕیعەللامەکەماڵ دین)ە لەفێرگەی ئەمیرزینەدین خاوەنی هەولێر کەبەفێرگەی (کەمالیە)[1] ناوداره خەریکی تەدریس و فتوای شەرعی بوە.

یونس کوڕی محەمەدی هەولێری لەساڵی ٥٠٨ی مانگی لەهەولێر لەدایک بوەو له ٥٧٦ی مانگیشدا لەشاری موسڵ بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە و

---

١ ـ نوکتە: (فێرگەی کەماڵیە) قازی کەماڵەدین شارەزوری ئەبولفەضل (محەمەد) کوڕی ئەبو محەمەد، عەبدوللا کوڕی ئەبو ئەحمەد قاسم شارە زوری کە لە ٤٩٢ی مانگی لەدایک بوەو لە رۆژی دوشەمە٦ی موحەرەمی ساڵی ٥٧٢ی مانگیدا مردوە، دروستی کردوەو دای مەز رانـدوە. نەک کە ماڵەدین عەللامە کوڕی (رەضی) دین هەولێری کوڕی محەمەدی کوڕی مەنعە.

نێژراوه.

یونس کوڕی محەمەد هەولێری بۆخوێندن چوّته شاری موسڵلای (تاج‌الاسلام) ئەبوعەبدوڵلاّ حوسەین کوڕی (نەصر) ناودار بەکوڕی خەمیس کەعبی جەهەنی و لەو یوەبوّ بەغدا لای ئەبو (مەنصور) سەعید کوڕی محەمەد عومەر ناودار بەکوڕی ڕەزاز درس بیژی: (نظامیه) و لەپاشان گەراوەتەوە، بۆموسل و لای ئەمیر زەینەدین ئەبوحەسەن عەلی کوڕی بەکتکین باوکی مەلیک موزەفەری مەزن و خێوی هەولێربوّته دەرس بێژی مزگەوتی ئەومیرەکوردەو هەرلەنێزیک ئەومزگەوتەش نێژراوە و ٦٨ ساڵ عومری کردوە.

ئەمەش نمونەی شیعری عەربی ئەوزاناکوردەیە:

شیعر:

لَهٰـا زَوْرَةٌ فِـي كـل عـام، وتـارةٌ تَـمرُّ شـهورُالحـولِ لاتـجتمع

وِصالٌ وَصَدٌّ لاٰلِشـيءٍ سـوى انَّـهٰا عَـلَى خُـلُقِ‌الدنيـا تـجود و تـمنع

هەرکاتێ دەچمە پەرلانـه خەفەتمە؛کە تەمەنمان چەن کورتە؛ بۆکە لّکَ وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi

## زانای ناودار زەنگەنە

ئەم هۆزانە زۆرزاناو بلیمەتە یەکێکە لە شاعیرە مەزن و پیاوە خاوەن بیرو ژیرە کانی جیهان کەدڵ و دەرونی پاك و بە سۆزی هەبوە، ئەم زانا گەورەناوی عومەرناودار بە زەنگەنەیەو ناز ناوی شیعری رەنجوری‌یە، ئەم هۆزانە خاوەن هەستە خاوێنە خەڵکی ناوچەی زەنگەیە و لەتیرەی زەنگەنەیە و تووێژی زەنگەنەش بە تایبەت لە کۆندا زۆر لەهەو رامیەوە نیزیکە و رەنجوریش شیعری بەو شێوە وتوە و زۆربەی شیعرە کانی بەو زاراوەن.

رەنجوری بەشێوە موکریانیش شییعری هەیە، بۆنمونە پارچە شیعرێ کەشیعری «کارێزی» پیێ تەخمیس کردوە کە دەڵێ:

Dr.Saleh Ebrahimi



## پێنجینە

پــوچە لە عــەبەث هــێندە دەکـەم فـیکرو خەیـاڵی

مــــومکین نــیە جــارێك و بــبینم کــوجە مــاڵی

بێ‌فــاییدە تــاکــەی هـەوەسی ذەوقـی ویصـاڵی؟!

چــو بــەعەبەث گــەر دڵی «رەنــجوری» دەنــاڵی

«کارێزی»! لە «پەروانە» دەکەس راوی «عوقاب» بـێ.

رەنــجوری بــە پێــیی‌قسەی خـوێ کـە بـە شـیعر لە میعراجنامە کەی فەرمویەتی:

ئــەو ســاڵ کـەئەی فـیکر ئـاوەردم وەهـەم

عــومرم یــاوابــی وەپەنجــا، پــەنج کــەم

یانی تەمەنم (۴۵) ساڵ بوەکە ئەو میعراج نامەم نوسیوە لە پاشان ساڵی نوسینی میعراجنامە کەی دیاری دەکاو دەڵێ:

جــەسەنەی هــەزار،دوســەو نـوّدا ئـەی مـعراج نـامە جـەلای مـن رۆدا

بەم قسەی خوێ ئەبێ رەنجوری لە ساڵی ۱۱۶۴ی مانگی لە دایک بوبێ.

رەنجوری لە پارچە شیعرێکدا باسی نەخۆشبونی خوێ دەکاو دەفەرمێ:

ئــەو ســا ئــەو ئـازار پـەرێم بـابەست بـی

تــاریخ عــومرم نــەسەنەی شــەست بــی

ســەنە و ســاڵ و وەقت هــیجرت موختـار

هــەزار و دوســەد چــەنی بــیست و چــار

کەوابێ لە ساڵی ۱۲۲۴ی مانگیدا سەخت نەخۆشبوە و مردنە کەیشی هەر لەو ساڵانە دابوە.

لە پارچە شیعرێ کە بە ناوی میعراجنامەوە دایناوە،زۆر بە جوانی دەردەکەوێ زۆر زانا بوەو ئاگای لە قورئان و فەرمودە بوە و زۆر زیرەك و خاوەن بیرو بڕوا بوەو لە زانینی عیلمەکاندا

Dr.Saleh Ebrahimi



دەسێ زۆر باڵای هەبوە و زانایێ کەم وێنە و شاعیرێکی دوڕناس و دۆستی گیانی گیانی شاعیرانی کورد بوە.
بۆوێنە ئەحمەد بەگی صاحیوقران کەناز ناوی «شەوقی» یە لە پەسەندی رەنجوریدا بە شیعر دەڵێ:

دەخـیلم دەخـیل ئـەی ئیرشـاد دیـن
پـیر تـەریقەت نـورین بـە یـەقین
سـەرداری عوشـاق نـەشەر ق تـاغەرب
مـەجنون ثـانی سـەر خـێل عـەرەب
جـام دڵ جـامی نیظـامی نیظـام
تـەر تـیب تـەرکیب بینـای بـادەی جـام
کـاشیف کەششـاف سـیڕ پەنهـانی
ئـەفلاتون شیعـار ئـەرەستو - ی ثـانی
رەنـجوری مـوخلیص تـەخەلوص رەنـجە
رەنـجت رەنـجە کـەرد وە دوڕ پـەنجە ...

مەلا یوسفی دالە رویش لە پەسەندی رەنجوری‌دا فەرمویەتی:

**شیعر**

بـە بـادەی عیرفـان رەنگـین سەجـادە!
لەوح دڵ جـە نـەقش مـاسیوا سـادە!
رەنـجوری‌گەنجور خـەزانـەی ئـەسرار!
نـەقددانش بـەخش خـەروار بـە خـەروار!

حاجی قادر رەحمەتیش کە بە خەڵکی کەرکوکی داناوە، لە پەسەندی‌دا فەرمویەتی:

**شیعر**

یـە کـێ رەنـجوری ئـەهلی کـەرکوکە
فـیکری بـیکری هـەمو وەکـو بـوکە[١]

---

١ - سەرچاوە: ١ - سەرەتای دیوانی رەنجوری بەقەڵەمی محمد علی قەرەداغی ←

Dr.Saleh Ebrahimi



## زانای بەڕێزو لێکۆڵەرو دڵسۆز دوکتور:

# محەمەد سەدیق موفتیزادە

۱۳۰۰-٦/۹/۱۳٦۳ی هەتاوی

ناوچەی سنەی کوردستان بێ گومان یەکێکە لەگەورەترین ناوەندەکانی فەرهەنگ و هونەرو ئەدەبی کوردی کە لە ئامێزی خۆیدا سەتان شاعیر و نوسەر و فەیلەسوف و زانای بێ وێنەی پەروەردە کردوە. لێرەشدا بەداخەوە هەروەک هەمو ناوچەکانی تری کوردستان تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی پان و بەرین کە هەمو لایەن و سوچ و قوژبنی فەرهەنگەکەمان بگرێتەوە نەکراوەو ئاگاداریمان لە ژیان و بەسەرهاتی زانایانی سنەودەورو بەری زۆر کەمە. لێرەدا بەسەر هاتی زانای بەناوبانگ دوکتۆر محەمەد سەدیق موفتیزادە کە بە قەڵەمی خۆی نوسراوە بۆتان دەگێرینەوە.

ناوم محەمەد سەدیق،ناوی بنەماڵەییم موفتیزادەیە لە ساڵی ۱۳۰۰ی کۆچی هەتاوی لەگوندی "دشە" لە ناوچەی هەورامانی جوانڕۆ هاتومەتە دنیاوە.

باوکم مەلا عەبدوڵڵای "موفتی"کوڕی "مەلا حمود"کوڕی" "مەلا محەمەد"کوڕی مەلا ئەحمەد -ی گەورە لە بنە ماڵەی مەلایانی "دشە" یە.

دایکم کچی سەیید "شەهابەدین" تاڵشی ودایکی کچی شێخ "عوسمان"ی تەوێڵەیی هەورامانە.

لە ساڵانی پێش شەڕی جیهانی یەکەم باوکم لە لایەن فەرمانڕەواکانی ئەردەڵانەوە دەعوەت کراوە بۆشاری "سنە"و بووە بە مودەریسی خوێنگەی مزگەوتی "دارول ئیحسان" پاش چەن ساڵ لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی قاجاری یەکاندا دەعوەت کراوە بۆتاران ولەقەبی "مفتی کوردستان"ی پێ دراوە وگەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە.

تەمەنم شەش ساڵ بووە،باوکم لە شاری سنە کۆچی دوایی کردوە،دایکیشم پێنج ساڵ پاش کۆچی دوایی باوکم لە "دشە" لە دنیا دەرچووە.

---

٢- بەرگی ٢ کەشکۆڵی کە لە پوری ئەدەبی کوردی ،
٣- بەرگی ٣ گەنجینەی فەرهەنگ و زانست (شەپۆل)
٤- دیوانی حاجی قادر کۆیی لاپەرەی ١٠٥

Dr.Saleh Ebrahimi



خوێندنی سەرەتاییم لەگوندەکانی: دشە وخانەگا و شاری سنە دوایی هێناوە. لە ساڵی ١٣١٥ی کۆچی هەتاوی دەستم کردوە بە خوێندنی عولومی ئیسلامی و لە خزمەتی زانایانی ئایینی مەلبەندگەلی شارە زور، مەریوان، موکریان و شارگەلی: پێنجوێن، سلێمانی، کەرکوک هە ولێر، رەواندز، مەهاباد و سنە دەرسم خوێندوە.

ئە وزانایانە کە لە خزمەتیاندا دەرسم خوێندوە ئەمانەن: کاکم حاجی مەلا خالیدی موفتی،مەلا سەیید عارف، مەلا ساڵحی "تریفە"سەیید بابا رەسوڵی "عەبا بەیلی"،لە مەڵبەندی شارە زور، مەلا باقری باڵک، مەلا مەحمودی "دەرەتفێ" لە مەریوان، مەلا عەلی "حەمامیان" مەلا شێخ محەمەدی "بورهان" لە موکریان، مەلا عارفی بانەیی، مەلا سەیید عەلی لە "پێنجوێن" مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسووڵ، مەلا عەبدولای بێژوێی لە سلێمانی، مەلاعزیزی شلی خانەیی لە کەرکوک، مەلا ساڵحی دیبەگەیی، مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی لە هەولێر، مەلا عەبدولکەریم ئەفەندی لەرەواندز، مەلا سەدیق سەدقی و مەلا حوسێن مەجدی،مەلا حمود -ی موفتی کاکم لە شاری سنەکە ئیجازەی عیلمیم لای ئەو، وەرگرتووەو لە دواییدا لە شاری سلێمانی مامۆستایانی هەیئەتی زانیاری ئایینی ئەوقاف پاش تاقی کردنەوە ئەوئیجازە نامەیان بۆم مۆر کردوە ولە تارانیش شورای عالی وەزارەتی فەرهەنگ ئیجازە نامەی ئیفتا و تەدریسی بۆم دەرکردوە.

لە ساڵی ١٣٢٣ لەوەزارەتی فەرهەنگی ئەو رۆژگارە و ئاموزیش و پروەریشی ئێستا بوم بە مامۆستا و موعەلیم لە شارگەلی مەهاباد و سنە و خورەم ئاباد و تاران دەرسم داوە. لە ساڵی ١٣٤١ لە دانشکەدەی ئیلاهی‌یات و مەعاریفی ئیسلا می دانشگای تاران دەورەی لیسانس و دوکتۆریم دوایی پێ داوە و لە دانشکەدەی ئەدەبیاتیش دامـاوەیەک خەریکی عولومی تەربیەتی و زمانەوانیش بوم،لەو ماوەیەشدا لە دەبیرستانەکانی شاری تاران دەرسم داوە.

لە ساڵی ١٣٤٩ بوم بە مامۆستای زمان و ئەدەبیی کوردی دانشکەدەی ئەدەبیات و عولوومی ئینسانی دانشگای تاران،لەو ماوەیەدا بێجگە لە دەرس دانی زمانی کوردی ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیشم تەدریس کردوە.

لە ساڵی ١٣٥٩ کە بە هۆی شۆڕشی فەرهەنگی یەوە زانستگای تاران داخرا، بۆ مـن دەرفە تێک بو تا لە ماڵ دانیشم و نوسینی ئەورێز مانەکوردی یەمکەبە دەستەوە بو تەواو بکەم.

Dr.Saleh Ebrahimi



لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی لە سەرنوسینی دیوانی مەولەوی (مەعدومی) بوم و ئێستاش هەر خەریکی ئەوکارەم. "چۆن بو خەریکی زمان و ئەدەبی کوردی بوم"

لە سەرەتای ئاوە زیانمەوە خەریک بونی خوێندنەوەی هۆنراوەکانی مەولەوی ولێ دوان لە ماناکانیان لە لایەن ئەندامانی بنە ماڵەکەمان و دۆستانەوەهانی دام کە پێوەندی یەکی بەتین لەگەڵ زمان و ئەدەبی کوردیدا بهێنمە دەس، ئەم پێوەندی یە بووە هۆی ئەوە کە ئەو ماوەیە کەلەکوردستانی عێراقدا ئەم خوێند زۆرتر خەریکی زمان و ئەدەبی کوردی بم، تالە سەرەتای دەست پێ کردنی شەڕی جیهانی دوهەمداکە سیاسەتی فەرمانڕەوایی تورکیا گۆڕا رۆژنامەنوسینی کوردەکانی ئەویش بۆ ولاّتانی دەرەوە، ئازادکرا، کاکم "محەمەد میهری بەگ" کە پێش شەڕی جیهانی یەکەم شەهیدی نەمر شێخ عەبدولقادر -ی گەیلانی زادە[١] لە شاری رەواندزەوە لەگەڵ خۆی بردبووی بۆشاری ئەستەمبوول (بەداخەوە من هەرچاوم پێ نە کەوت) بۆیە کەم جاربە کوردی نامەی بۆنوسیم ولە نامەکەیا زۆر هەڵی نابوم کە لە خزمەت کردن بەزمان و ئەدەبی کوردی لەهەر هەل و مەرجێکداکۆتایی نە کەم ئەو هەڵنانی ئەوانە بو بە هۆی ئەوە کە زۆرتر لە جاران خەریکی لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەبی کوردی بم.

لە ساڵی ١٣٣٨ داکە لە لایەن حوکومەتەوە رۆژنامەی کوردستان لە تاران دەرچو پێشنیاری سەر نوسەری ئەو رۆژنامەیەم قەبوڵ کرد، چونکە لە لایەکەوە بە هەلێکی گەورەم زانی کە لە ورێگایەوە بە پێی توانایی خۆم خزمەت بەزمان و ئەدەب و مێژوی گەلە چەوساوەکەمان بکەم ولەلایەکی دیکەشەوە پێموابو دەرچونی ئەو رۆژنامەیە بەزمانی کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، باوەکو مەبەستێکی تەبلیغاتیشی تێدا بوبێ بەلاّم پێ هاتنێکی بەڵگەدار بو سەبارە ت بە هەبون (مەوجودی یەت)ی گەلی کورد، زمان و ئەدەب و نیشتمانی. لەو ساڵانەدا کەسەر نوسەری رۆژنامەی کوردستان بوم گەلێ مەتالیبی ئەدەبی کوردیم نوسیوە و لەو رۆژنامەیەدا لە چاپ دراوە هەندێ لەومەتڵەبانە ئەمانەی خوارەوەن:

---

١ - کوری مەلیک غازی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین (قدس‌سره) کە لە ١٨٨٠ی زایینی بە دژی زاڵمان راپەری و مافی رەوای خوّی و نەتەوەکەی دەویست.

١ - کۆکردنه وه‌ی نزیکه‌ی ٢٥٠ پارچه له هـۆنراوه‌کـانی سـه‌ید "عـه‌بدوره‌حیمی مه‌وله‌وی"له‌نێو به‌یازه ده‌سنوسه کۆه‌کان وراست کردنه‌وه‌یان و کورته لێ دوانـێ له مـانای هۆنراوه کان.

٢ - کۆکردنه‌وه وراست کردنه‌وه‌ی زۆربه‌ی هۆنراوه‌کانی "وه‌لی دیوانه".

٣ - کورته لێ کۆڵینه وه‌یه‌ك له‌دیوانی "مه‌لا په‌رێشان" وله چـاپ دانـی هـه‌ندێ له هۆنراوه کانی.

٤ - راست کردنه‌وه‌و له‌سه‌ر نوسینی دیوانی "سه‌یید ساڵحی کرماشانی".

٥ - راست کردنه‌وه‌ی شیرین وفه‌رهاد دانراوی مه‌لا "وه‌له‌دخانی گۆران".

٦ - راست کردنه‌وه‌ی هه‌ندێ له هۆنراوه کانی "که‌نیزه‌ك و یازده‌ره‌زم"که به‌شێکه له شانامه‌ی کوردی دانراوی "سه‌رهه‌نگ ئه‌ڵماس خانی که نوڵه‌یی".

٧ - زه‌نجیره وتارێ له باره‌ی رێزمانی کوردی یه‌وه‌له ژێر سه‌ردێری چۆن بنوسین و بخوێنینه‌وه".

٨ - زه‌نجیره و تارێ له باره‌ی ژیانی کۆمه‌ڵه‌که‌مان وره‌خنه گرتن له هه‌ندێ بیرو باوه روره‌سم ویاسای ناله باری کۆمه‌لایه‌تی،له‌ژ ێرسه ردێری "له کۆمه‌ڵا چۆن بژین؟".

٩ - کۆکردنه‌وه وراست کردنه‌وه‌ی دیوانی مـه‌لا "حـامیدی ئـالیجانی" له نـاوچه‌ی ژاوه‌رۆ.

١٠ - راست کردنه‌وه‌ی شه‌ره‌قسه‌ی ئاسمان وزه‌وی هه‌ڵبه سراوی "میرزا عه‌بدولقادری پاوه‌یی".

١١ - راست کـردنه‌وه‌ی جه‌نگه‌نـامه‌ی "کوله‌وعـاینه‌مه‌ل" هـه‌ڵبه‌سراوی "مـیرزا عه‌بدولقادری پاوه‌یی".

١٢ - کۆکردنه‌وه و راست کردنه‌وه‌ی شوێنه‌واری شیعر گه‌لێ له شاعیره کانی کورد له ژێر سه‌ردێری: "له هه‌ر گوڵزارێ گوڵێ".

١٣ - چه‌ند پارچه هۆنراوه یه‌کی نیشتمانی ونـه‌ته‌وایـه‌تی و عـیشقی و چـه‌ند ورده چیرۆکی هۆنراوه به شێوه‌ی ته‌نز و توانجی نه‌ته‌وایه‌تی و کۆمه‌لایه‌تی وه‌ك "چیرۆکی مام رێوی و په‌پوسلێمانه و چیرۆکی "فیل و بولبول".

۱۴ - زەنجیرە و تارێکی فەلسەفی و سورشتی لە ژێر سەردێڕی" رێگای خوداناسی".

۱۵ - مێژولکەی حوکومەتکانی کورد.

۱٦ - راست کردنەوە ولە چاپ دانی مناجاتی "خانای قوبادی" بە ناوی "حەفت بەند".

ئەو مەتالیبە هەمویان لە ژێر عونوانی "م.ص.م" کە کورت کراوەی محەمەد سەدیق موفتیزادە یە لە ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستان کە لە چواربەشدا بەرگ گیراون لە دەسدان.

رۆژنامەی کوردستان با وەکو لەژێر چاوەدێری سەختی حوکومەتدا دەرئەچو لەگەڵ ئەوەش لە راستەقینە دا خزمەتێکی گرینگی بە زمان و ئەدەب و مێژوی گەلی کورد ئەکرد. بەڵام پاش چوار ساڵ بۆ دەوڵەت دەرکەوت کە لە چاپ دانی ئەو رۆژنامەیە جگەلە زیان بۆ سیاسەتی دەوڵەت سودێکی تێدانیە، ئینجا لەبەر ئەوە لە سەرەتای بەهاری ۱۳۴۲ دا رۆژنامەکە داخرا.

جگە لەو کارە ئەدەبی یانە کە لە رۆژنامەی کوردستان جێ بەجێم کردون لە ساڵی ۱۳۳۸ وە تا پاییزی ساڵی ۱۳۵۸ چەن زنجیرە وتاری ئەدەبیم لە بارەی ئەدەب و مێژوی کوردەوە نوسیوە و لە رادێوی کوردی ئێران بڵاو بونەتەوە و بەشێکی زۆری ئەو سەردێڕانە بڵاو کراونەتەوە: لێک دانەوەی وێژەیی بەسەرهاتی باو باپیرانمان، وێژە و وێژەوانان، پەندی پێشینیان، راست کردنەوە و لەسەر نوسینی دیوانی نالی، شیعری شێوە گۆرانی کوردی، مەستورەی ئەردەلان کەبۆ یەکەم جار لە نێو بەیازە کۆنەکاندا بەدەستم هێنابو.

* * * *

گرینگ ترین کاری مامۆستا دوکتور مفتیزادە، شیکردنەوەی شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزیە. بۆخۆی لە پێش و تارێکدا کە لەسەر غەزەلەکانی مەولەوی نوسیویەتی دەڵێ:

لەسەرەتای ئاوەزیانمەوە جاروبار گوێم لە هۆنراوەکانی مەولەوی ئەبو کە خزمان و دۆستان لە کۆڕ و کۆمەڵی شەوانە و رۆژانەدا بە بۆنەیێکەوە دەیانخوێندەوە. جوانی و پاراوی ئەم هۆنراوانە کەمکەم سەرنجیان راکێشام و حەزم ئەکرد منیش وەکو ئەوان ئەو هۆنراوانەم لەبەر بن و لە مانا و مەزمونی دڵرفێنیان تێبگەم. ئەم حەزە پاڵی پێوەنام کە رۆژ بۆ رۆژ زۆرتر لە هۆنراوەکانی مەولەوی بکۆڵمەوە، لە هەر جێگایەک دەسنوسێکی کۆن و تازەی شیعریم چاوپێ

Dr.Saleh Ebrahimi

### ٣٣٠ ـ شەپۆل

بکەوتبایێ ئەگەڕام کەهۆنراوەکانی مەولەوی لەناو ئەو هۆنراوانەدا بدۆزمەوە و بە سەر و پێ شکاوی بیانخوێنمەوە.

بەداخەوە ڕەشەبای مردن مۆڵەتی نەدا بەروبوی باغی ئەم زانایەمان، بەتەواوی دەس کەوێ وپێش تەواوبونی ئەم کارە گرینگە دنیای بێوەفای بەجی هێشت و شی کردنەوەی دیوانی مەولەوی بە ناتەواوی بەجێما. دوکتور محەمەد سەدیق موفتیزادە لەساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە دایک بوەو لە شەوی سێ شەمە ١٣٦٣/٩/٦ی هەتاوی [1] لە شاری تاران وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی وەیسولقە ڕەنی کرماشاندا بە خاک ئەسپێردرا [2].

## شیعری: دوکتور صدیق موفتیزادە

لە سەر کانیاوێ لە بێخی دارێ  دانیشتن خۆشە لەگەڵ ناز دارێ
هیچ خەمت نەبێ ڕاز و نیاز کەی  بە دڵ تەماشای دو چاوی باز کەی.
خۆشەیار گرتن خۆشە دڵداری  خۆشە لە مەینەت جهان ڕزگاری
پەژارەی ژیان لەدڵ دەرکەی  ڕابوێری تاوێ بەبێ غەمباری
دڵم لە دەردی دوریت غەمبارە  بێ تۆ سۆمایيم تاریک و تارە
بێیادی گوڵی جوانی جەماڵت  ژیانم لەلا وەک ژاری مارە

□ □ □

تەم وەگە ڕدەلول ملە و سەر بەرزان  زەردی ڕوخساری گەلاّی سەرتەرزان

---

١ـ بڕوانە کتێبی زانایانی کورد ج ـ ٤ و ٥ پەڕەی ١٣٣ باسی سەید مەحمودی گوڵشەن، کوردستانی نوسراوی(شەپۆل).

٢ـ بەداخەوە دوکتور عابید ـ ی سیراجە دینی لە حودودی ١٤ی مارسی ١٩٩٥ی زاینی لە ڕیازی حیجاز وەفاتی کردوە (شەپۆل) ئەم شەرحی حاڵە کە بە قەڵەمی دوکتور محەمەد سدیق موفتی زادە نوسراوە لە کۆواری سروە ژمارەی ٧ ساڵی ١٣٦٥ پەڕەی ٢٩ تا ٢٦ لە چاپ دراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



چـوّلی و بـێ دەنگـی هـەردان ئێلاّخـان
و شکـاێی چـەمە و شەتـاو زاخـان
پـەشێوی گـولزار، مـاتی هـەواران
کـزەی وەرکـاوان سـەردی کوّساران
یـەگـرد نیشـانەی ئـامای پـاییزەن
یـا خـوّجە تـەئسیر دوری ئـازیزەن؟!
پـاییز یـانیهای فـەسلّ غەمبـاران
یا وادەی سەردی مەیل نـازانـمـەیل نـازان
هـەور نـەو پـاییز چـون دەردە داران
مـەوارنـوّ ئـەسرین نـە روی کوّسـاران
چون من دیـوانـە و شـەیدا و سـەرگەردان
مـەگێلوّ وە نـەرم نـەروی سـەر هـەردان
دیدە پـڕ جـەهەرە س جگـەر پـڕ جەخـار
پەێشـان خـاتر دەرون تـیرە و تـار
گـاگـا جـەحەسرەت مەنـالوّ وەزار
وێـلّ و سـەرگەردان نـە کـاو و کوّسـار
جـەو سـاوە ئـازیز مـن جەیـاد بـەردەن
وە هـار شـادیم خـەزانش کـەردەن
گـردوەختێ پـەی مـن وادەی خـەزانـەن
کـالاّی نـەو پـاییز جـەلام هـەرزانـەن
تـەم و گـەردە لول دەرون پـڕ دەرد
شـوّراوەی ئـەسرین هەنـاسان سـەرد
زەردی روخسـار رومـاتی و بـێ دەنگـیی
پەشێوی جـەستە و کـزیی و بـی رەنگـیی

Dr.Saleh Ebrahimi

٣٣٢ - شەپۆل

ماتەمیی دەرون خەمگینی بێ شۆ
سەرسات پاییزێن پەرێ من بێ تۆ -١-

**بەبۆنەی جێژنی پیرۆزی نەورۆزەوە**

کوردە! موژدە، باغی رەنجی لاوەکانت هاتەبەر
رۆژی رزگاری لەژێر هەوری ستەمدا کەوتەدەر
جەژنی نەورۆزت دەدا موژدە کەوەختی شادی‌یە
بۆنەجاتی نیشتمانت تێبکۆشە بێخەتەر
دوژمنت پشتی‌شکا، جەرگی برابەد خواهی‌تۆ
شووهرەتی رەنج و خەباتت رۆی زەوینی گرتەبەر
گۆڵ نەخۆی کوردە! بەواتەی پوچ و وادەی چەورونەرم
دوژمنت بێهێزە ئێستا، تۆدە سورێنێ بەسەر
تۆ بە هێزی بازووانی رۆڵەکانی نیشتمان
بۆبەدس هێنانی مافت سینگی خۆت کەوەک سپەر
قەت نەترسی هەل لەدستت بەرنەدەی، کوردە! دەخیل
کوششی ئەم چەندە ساڵەی خۆت نەخەیتە پشتی سەر
نیشتمانت چاوەڕوانی هەڵمەتی شێرانەتە
تابە جارێ تۆلە خاکت دوژمنت کەی دەر بەدەر [1]

---

١ - روژنامەی کوردستان ژمارەی ١٨ - ٢سەزماوەری ١٣٣٩ و ٢٣ نوامبری ١٩٦٠ی زاینی چاپی تاران.

بابا تاهیر

دڵبەرا گەر شەوی‌وەیانم بەی — مەکەرینەم وە (کەی قوباد) و (کەی)
لە حزەیێ وەسڵت ئەی مە لەک شێوە — نمە دەونەش بە (ئەصفەهان) و (رەی)
دەور گەردون جە تۆش جیاکەردا! — تا وەرۆی حەشر، وەی وەیانم وەی!
کەم بدەلا فوسەر برینیم تو — ئیسە سەر ئینەنێغ دەی سادەی!
با نەبۆشون جەلە عیلەت ئاوحەیات — و من الماء کل شیء حی ←

Dr.Saleh Ebrahimi

## ٣٣٣ - باوی کوردەواری

### بەهاری[1]

جــــەژنی نـــــەورۆزوو‌ادەی بەهـــــارە
کــــاتی ســــەیرانــی هــەردو کۆســارە
بای شەمـاڵ وە نـەرم شـنۆی خـۆی بـەردا
مــــژدەی بەهـــاری بــــەدەشت ودەردا
هــەوری بەهــاری دەرون پــر خـــرۆش
وەك عــاشق دلی گــەرمی هـاتە جـۆش
فــرمێسکی جــوانــی خــۆی بەتـاوبەردا
دور، وەشـــێنی کــرد بــەدەشت ودەردا
بــە نـاڵەی خـەمین صـەدای هـەڵ هـاورد
نەمـــــامان لە خەوزستـــــان بـــێدار کــرد
کوردستــــان بـــەرگی خــــاڵ پـــۆشی
چاو گـەوشە، تـاوی وەك نـوقرە جـۆشی
قـــەڵای کــــرێلەی بــــەفری کوێستـــانی
بنــای بــاش وەستــای بەننــای زستـــانی
لە نـــــاڵەی هـــــەوروترێشقەی بەهـــــار
لەرزی لە ســـەردا، رۆخـــی و هــاتەخوار
لێـــــزەمەی بـــــاران تـــاوی دا لە ســـــەر
بــــەفری هەڵمــاڵی، خســـتیودایــە بــــەر
لەســــەر داهێنــــای کــــردی بــــەهەرەس
کە م کەم، وەدەر کەوت نـێرگز چـاومەس

- رۆژنامەی کوردستان ژمارەی ۴ چاپی تاران ساڵی ۱۳۴۰ و ۳۱ مەی ۱۹٦۱ز-و ژمارەی پشت سەریەك ۱۰۷.
۱ - م.ص.م.یانی دوکتور سدیق موفتیزادە.

Dr.Saleh Ebrahimi

۳۳۴ - شه‌پۆل

گوڵ سۆسەن بـۆی خـۆی بـەڵاو کـردەوە
سـەختیی زستـانی لە بـیربردەوە
لە لانـزاران چـنور کـە وتـەدەر
بـەڵاو بـو، بـێنی شـەوبۆو وەر کـەمەر
بـەرەزا، وەك چـین زڵـفی نـازاران
خـاووپەرێشان لەرۆی مەغـاران
دەشت و دەر، سـەوزو کۆسـار دڵگـیرە
چـریکەی مـەلەوپیقەی نـەچیرە
شـاخەی شەتـاوە لەلانـزاران
هـاژەی بـەفراوە لەپـای کۆسـاران
قـاقبەی کـەوە لە سـەر کـلاوان
قەتـارە گـوڵە لەپـای گـوڵاوان
برقەی تاف لەدور، وەك نوقرەی بێ گەرد
تەمـاشای دەوای دڵـی پـر لە دەرد
شـنۆی بەربەیـان، کـاوو نـزاران
بێن خـۆش، وەك نـەفەس نـازك نـازاران
گـوڵاڵان لە نـاو بـاخ و چـەمەن دا
خێزبـان لە پـای سـەرووسەمەن‌دا
نەمـامان خـەڵات «نـەورۆز» یـان پـۆشی
سـەوزەو گـوڵ بـادەی بەهـاریان نـۆشی
وەنـەوشە شـین بـو لە نـاو بـاخان‌دا
شەتـاو پەخشـان بـوبەرۆی زاخـان‌دا
لارەو لەنـجەی گـول لەپـای ئیلاخـان
بـە سـۆزەی شەمـاڵ بـەرزە دەمـاخان

Dr.Saleh Ebrahimi



دەرمـــــانی دەردی دەردە دارانــــە
فـــێنکی دڵـــــی دڵ ئـــەوگـــارانــــە
ئـــیتر وادەی ســـەیردۆس و دڵـــدارە
مـــەزرا دڵـــنشین گـــوڵشەن بـــێ خـــارە
بـــوڵبوڵ چـــاوە ڕوان دیـــداری دڵـــبەر
ســـەرلە ئـــێوارە هەرتـــا کـــەسەحەر
بـــەنەغمەی خـــەمگین نـــەوای جیـــایی
پـــەژارەی دوری‌و رازی تەنیـــایی
ئەنـــاڵێ بـــە ســـۆزدەرون پـــر لە چـــڵ
داخۆم کەی شادبێ بـەرۆی جـوانـی گـوڵ
گیـــانی پـــاسەوان دەوری گـــوڵزارە
بـــو دیـــنی دڵـــبەر لە ئینتظـــارە
ئیمجا بەربەیـان گـوڵ خـۆی تەیـار کـرد
دیـواخـی سـەوزی لەرۆی خـوی لابـرد
بـڵبڵ لە بـۆی خـۆش هەنـاسەی دڵـدار
دەردەم بێ هۆش بـولە «حـجلە»ی گـوڵزار
وەتـەن! تـۆ نـەوگـوڵ مـن بـوڵبوڵی تـۆم
مـن عـــاشقی‌زار دڵ پـر چـڵی تـۆم
شـــەرتە وەک بـــوڵبوڵ بـــۆت بەوەفـــایم
بـــۆت شـــێت وشـــەیدا تـەن بـە جەفـابم
کـــوردەگیـــان! ئـــەوا زستـان تـەواوبـو
کـەژوکـێو بـەهەور بەهـار سێراوبـو
بـــۆچی وامـــاتی؟ بـــێهۆشی بـــەسە!
بـــرۆانیشتمـــان پـــارچـــەی ئـــەطڵەسە

Dr.Saleh Ebrahimi



هەمو شاخ و داخ مەزرای کوردستان
سەر تا سەرشین و صەوزو گوڵستان
شاخە جوانەکان رازیانەوە
گوڵاْن لە گوڵزار خێزیانەوە
وادەی سەیرانی هەردو کۆساره
کاتی تەماشای سەوزەی بەهارە
خەمگینیْ بەسە پەشیوی تاکەی
ساتیْ دڵ خۆش بە کوردە دەسادەی!
بە سەیری گوڵاْ لە کاتی بەهار
بە سۆزی نەغمەی بڵبڵ لە گوڵزار
سەختی سەردی دەی فەرامۆشت بیْ
بادەی بەهاری یاخودا نۆشت بیْ
یا خودا نیشتمان هەر بەهارت بیْ
هەزاریْ وەك من گیان نثارت بیْ

## چیرۆکی مامڕێوی

**خویندەوارە بەرێزە کان!** هە روەهاکە زۆرتری براکوردە رۆناك بیرونەتەوەویستە کانمان ئاگایان لیْیە ریشە و بناغەی ویژەوزانیاری هەرگە لیْ لەسەرەتاوە چیرۆك و ئەفسانە گەلیْکن کەزانایان و ویژەوانانی ئەوگەلە بەهیْژی مرخی جوان و زانینی خۆیان ئەو چیرۆکانەیان بەتەشکی بەلاْووهۆنراو، نوسیوەو کۆکردوەتە، وەلەئاکامدابوەتە هۆی پاراستنی بنچینە و قانونی رەگەزایەتی و مانەوەی ئەوگەلانە.

جاکەوایە لە سەرهەرکوردێکی خوێن خاوێن پیْویستە بەگوێرەی لیْ هاتنی خۆی ئەو چیرۆکە جوانانەکە لە باپیرەکانمانەوە دەم بەدەم هاتونەتە خوار وەهەریەکێکیان هەزاران پەندو ئامۆژگاری بە نرخی تیْدایە، کۆیان بکەنەوە، تارۆڵەکانی گەل ونەتەوە کەمان کەڵکیان

Dr.Saleh Ebrahimi



لیٚوەرگرن وەلە ژیانیان دابیێتەهۆی وریابونەوەیان وئاگاییان.

یەکیٚ لەو چیرۆکانە چیرۆکی «ریٚوی و پەپو سلیٚمانە» یەکە بە منداڵی بۆیان گیٚراومەتەوە ئەوامنیش بەپیٚی توانایی خۆم هۆناومەتەوە، وە پیٚشکەش بەهەمو کوردیٚکی خویٚن خاویٚنو نیشتمان ویست و دڵسوزی گەل وکۆمەڵی ئەکەم.

### مام ریٚوی زۆری برسی یەو بۆ خواردەمەنی ئەسوریٚتەوە ؛

رۆژیٚ لەرۆژان ریٚوییٚکی پرفیٚڵ　　بۆ خواردەمەنی کەوتە گەشت و گیٚڵ
ئەسۆرایەوە ئەم دۆڵ و ئەودۆڵ　　ئەی دا بە پاوە بیاوانو چۆڵ
هەواریٚ نەما خۆی نەکا پیٚیدا　　کۆزگەییٚ نەبو سۆر نەخواتییٚدا
نەهاوانەییٚ نەکونە کۆنیٚ　　نەکوتیٚ پیٚسە نەخیگە رۆنیٚ
نەپیٚشە و پەلای مریشك و سۆنە　　نەکوتە پارچەی بیٚژنگە کۆنە
نە تۆراخدانیٚ رزیوو بیٚ کەڵك　　نەپاروە نانیٚ لە پاشماوەی خەڵك
نەسەلکیٚ دۆینە نەدانە کەشکیٚ　　نەچەکە کلاشیٚ نەهەنگڵە مەشکیٚ
نەسیرمیٚ رزیو نەژیٚرە کەوشیٚ　　نە قوشقنیٚ کۆن لە دەوری حەوشیٚ
هیچی دەس نەکەوت زۆر بەداماوی　　بەزکی برسیی و بەدڵ تۆراوی
هاواری ئەکرد ئەی دابەسەردا　　ویٚڵ ویٚڵ ئەگەرا بەدەشت ودەردا
کاتیٚ مام ریٚوی ریٚ چولی ئەبری　　باڵدار لە ترسا هەمو هەڵ ئەفری
هەر چەندە گەرا هیچی دەس نەکەوت　　هەروەها دەردی برسیەتی نەسرەوت
ئەنجا کەوتەریٚ خۆی بەتەنیاییی　　بۆمریشك خواردن دەوری ئاوایی
ماوەییٚ ریٚی کرد بە زگی برسیی　　لە بەرخۆیەوە لە خۆی ئەپرسیی:
داخۆم سەگ لەناودالان کەوتبن؟　　مریشك لەکولیٚن هەمو خەوتبن
خاوەنماڵ چاوی باش چوبیٚتە خەو　　مریشکیٚ قەڵەو برفیٚنم ئەمشەو؟!
بەراکرانو لۆقەو تەقڵەدەو　　گەیشتە نزیٚکی دیٚییٚ نیوەشەو
برسیەتیی زۆری زۆر بۆ هیٚنابو　　ئاوەزو هۆشی لەدەس سەنرا بو
ناگا واقەییٚ لە دەمی دەرچو　　سەگەل ئاوایی گشت گویٚیان لیٚ بو

Dr.Saleh Ebrahimi



هەڵمەتیان بۆ بردهەمو بەچەپ چەپ    گەمارەیاندا لەراس و لەچەپ
بو بە سمڕو بەقولە وهەرا    «قلینچکەی کەری تێدائە بچرا»
ئەوئەی وت «بۆرە» هادەری نەکەی!    ئەم‌ئەی وت «بازە» تەکان دە، سادەی!
ڕێوی ئەوەی دی کەوتە باز بردن    بەدڵ دەسی کرد بە کوفر کردن
ئەنجا لەحەیبەت خۆی کرد بە «تولڵبر»    لەچنگیان دەرچو بە گوپچر گوپچر
پاش ئەوەلەدێ بەشەپ کرایەدەر    دوبارەڕێگای کێوی گرتە بەر
لە ترسی گیانا تەکانی ئەدا    ڕەپەی دڵی وەك دەهۆڵ ئەی کوتا
چولە بن بەردێ خۆی دابەعەردا    لە تاوی زگی ئەی دابەسەردا
ئەوشەوە بە صەد دەرد ڕۆژی کردەوە    لە بەر برسیەتیی خەو نەی بردەوە
بۆ تاڵە ڕەشیی و بۆداماوی خۆی    بۆ ئاوروو چون و بۆ بەدناوی خۆی
بۆرسوابونی لای سەگ و باڵدار    بۆ ئیتوار چونی لەلادێی و لەشار
ئەی ناڵاندلە داخ بەدرێژەی شەوگار    هەر پێچی ئەخوارد وەك پێچیانی مار[١]
پاش ئاهوناڵە و زاری بێ سامان    وتی: هیچ دەردێ نییە بێ دەرمان
باش وایە ڕێگای زەهادەت بگرم    بەفەن ڕێوازی عبادەت بگرم
ئەوکاتە ڕێگای حەج ئەگرمە پێش    تا هیچ باڵدارێ لێم نەکا ئەندێش
تەپڵی بەدناویم ئیترلێ نادرێ    لەپشتە سەرۆغەیبەتم ناکرێ
هەمیشە ناوم بەچاکە ئەبرێ    سەگیش بم بینێ بەرێزم بۆ ئەگرێ
باڵدارهەمو دێن بۆدەسماچ کردن    بۆ دوعای خەیر و «مفەرەك» بردن
بەفیڵ و کەڵەك گشتیان کەرئەکەم    ترسی خۆم لەدڵ ئەوان دەرئەکەم
ئەنجابەکەیفی خۆم ئەبوێرم    هەرمەلێ چاخ بێ هەڵی ئەبژێرم
مام ڕێوی هەستاخۆی کردبە حاجی    بەڵام ئەش ترسا لەتوڵ و تاجی
مێزەری خرتی نایە تەوقی سەر    ریشی هێشتەوەو عابای کردەبەر
دەس بەتەسبێح و قوڵ بەعەباوە    ئەگەراو دەشتی ئەدا بە پاوە

---

١ - وەك ماری زامدار (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



بەتەکبیر وتن بەلەبەیەک کردن سەری ئەکوتایە گشت کون و قوژبن
بەلەقان لەقان بەسەر تەکاندن بەم شان وبەوشان بەریش جواندن
ئەچو بەرێوە بەلارە ولەنجە سیواک لەبەرشالْ سوّل لەسەرپەنجە
پەپو سلێمانی رێوی دی لەدور سەرتاپای بالاّی ئەدرەوشالە نور
وتی وادیارە پیاوێکی چاک بێ بێ فێلْ و کەلْەک کەلێک دلْپاک بێ
ئازاری نەبێ بوّچینی بالْدار وابزانم تازە بوەتە توّبەکار
هاتە پێشەوە لێی کرد سلاّوە مام رێوی یەواش وەلاّمی داوە
وتی مامەگیان ئوغرت خەیرە! مەبەستت چێ یەلەم گەشت و سەیرە؟
مام رێوی وتی روّلْە رێبوارم خزمەت گوزاری چینی بالْدارم!
رێگایێ دورو درێژم لەبەرە ماوەیێ زوّرە حەجم لە سەرە
ئەمەوێ لە حەج دەسکەم بەزاری بپارێمەوە لە دەرگای باری
پەشیمان ببم لە کردەی پوچم بەلْکە ببەخشێ تاوان و سوچم
«پەپوسلێمانە» لە رێوێ فێلْزان ئەوەی بیست وتی دەخیل مامەگیان!
منیش وەکو توّ حەجم لەسەرە من بوّ هاودەنگیت لەگەلْ خوّت بەرە
مام رێوی وتی: باشە بە چاوان بوّ هاورێ ییی توّ ئامادەم بەگیان
ئەنجارێگایان بە جوت گرتەبەر بەهەر جوّرێ بو ئەو روّژیان داسەر
شەو لە بێخ دارێ هەردوبوّی کەوتن پاش نوێژی شێوان پێکەوە خەوتن
مام رێوی بەدروّ، وراوەی ئەکرد یەواشێ دەسی بوّ پەپو ئەبرد
یەپو لای وابو مامە بێ حالْە هی ماندو بونە ئەو گروّ گالْە
بەلاّم مام رێوی خەونەی بردەوە هەر ئەتلایەوە بەدەم دەردە
ئەوشەو وەنەوزێ نەچووە چاوانیی لە ژیروّ هەربوّ پەپوی ئەروانیی
بەیانی کە خوّر لە کەلهاتەدەر پەپوومام رێوی رێیان گرتەبەر
ئەوروّژەش رێیان گرت تائێوارە ئەروّانن دێ یێ لە دور دیارە
چونە پێشەوە بوّلای ئاوایی کەلْە شێرێکیان دی بەتەنیاییی

Dr.Saleh Ebrahimi



کەڵەباب رای کرد هاتەسەرڕێیان   سەلامێ گەرم و گۆری کرد لێیان
پرسیی: مامە گیان ئۆغرت خەیرە!   مەبەستت چی‌یەلەم گەشت و سەیرە؟
«مام ڕێوی وتی: ڕۆڵە! ڕێبوارم   خزمەت گوزاری چینی باڵدارم»
«ڕێگایێ دورو درێژم لەبەرە   ماوەیێ زۆرە حەجم لەسەرە»
کەڵەشێر دەسی پێچالە چاکی   لیێ پارایەوە و خۆی خستەخاکی
وتی: مامە گیان من خاکە سارم   ئەرمنیش بەی سوپاس گوزارم
ئەنجا لەپێشگات من هیوام وایە   تکاموەرگری نەڵێی گەدایە
مامەتوڕەبو: ئەم قسەچی‌یە!   لەلای من گەداو دەوڵەمەندنییە
بەلام کەلە باب دڵی بردبو   پیری خواردنی دەیڕەیی کردبو
ئەنجامام ڕێوی بۆ شوێنە گمکێ[1]   وتی: بەپەپو بەیەواشە کێ:
ئێمە داماوین بۆ پیاوێ بانگ وێژ   بانگمان بۆبدا لەوەختی نوێژ
تانوێژە کانمان نەکەونەقەزا   یەزدان لەئێمە نەبێ نارەزا
ئەڵێن: کەڵەباب زانایێ خاسە   پیاوێکی وریاو شەو و ڕۆژناسە
بونی کەڵەشێر بۆ هاورێی‌مان   پێویستە ئەرنە ئەبین پەشیمان
پەپوسلێمانە وتی: زۆر چاکە   منیش ئەی ناسم گەلێ چالاکە
ئەنجا هەرسێیان دەشتیان گرتەبەر   ڕێگایان بری وروژیان دایەسەر
ئەو شەوەش نوستن هەتابەیانیی   کاتێ خۆر لە کەل سەری دەرهانیی
مام ڕێوی فێڵ زان دیسان کەوتەپێش   وەختبو ناوزکی ببڕێ لەبەرئێش
ناگا «کەو»ێ جوان هاتە سەر ڕێیان   ماندو نەبونی وت: بەهەرسێیان
«وتی مامە گیان ئۆغرت خەیرە!   مەبەستت چی‌یەلەم گەشت و سەیرە؟»
«مام ڕێویی وتی ڕۆڵە! ڕێبوارم   خزمەت گوزاری چینی باڵدارم»
«ڕێگایێ دورو درێژم لەبەرە   ماوەیێ زۆرە حەجم لەسەرە»
کەو وتی: دخیل سەد ئامان   منیش لەگەڵ خۆت بەرە مامە گیان

---

١ - یا بۆ شوێنە گومکێ.

مام ڕێوی وتی: پەپو! وادیارە     «کەو» بۆ هاوڕێیێ گەلێ هۆشیارە
ئەر دزو جەردە لەدوروٚ دیار     چێرە چێرە ئەکاو ئەمان کا بێدار
ئەر کەڵکی نەبێ ئازاری نییە     ئیتر نازانم بیرورات چی‌یە
پەپو سلێمانە وتی: زۆر چاکە     کەویش ئەناسم مەلێ دڵپاکە
لەم وتانابون ناگا قالاوێ     لە لاوە هات‌و کردی سلاوێ
وتی: مامە گیان: ئۆغرت خەیرە!     مەبەستت چی‌یەلەم گەشت و سەیرە؟
مام ڕێویی وتی: ڕۆڵە! ڕێبوارم     خزمەت گوزاری چینی باڵدارم
ڕێگایێ دورو درێژم لەبەرە     ماوەیێ زۆرە حەجم لەسەرە
قالاوئەوەی بیست پەلاماری برد     چاکی مام ڕێوی گرت و ماچی کرد
وتی: مامە گیان دەسم بەدامان!     منیش لە گەڵ خۆت بەرە، وەک ئەوان
بەرگی نوٚکەریت بەتەن ئەپۆشم     بۆ حەسانەوەت بەدڵ ئەکۆشم
مام ڕێوی وتی: پەپو! وادیارە!     قالاو نوٚکەرێ تەواوتەیارە
بۆچێشت کردن و ئاوداری ناورێ     ڕاستیی بردنی کارێکە بەجێ
پەپو سلێمانە وتی زۆر چاکە     قالاومەلێکی دەس و چاوپاکە!
بەلام هاوڕێمان ئیتر بابەس بێ     نەکتوشمان بەتوش مەلێ ناکەس بێ
ڕێشەی دۆستیی‌مان دەربێنێی لەبن     لە ناوی یەکتر بمان کا دوژمن
مام ڕێوی چاکی دایە کەمەری     ئەوانیچ هەرچوار کەوتنە پشت‌سەری
ئەنجا پێکەوە ڕێیان گرتە پێش     بەخۆشیی و شادی بێ ترس و ئەندێش!
مامە لەبرساهەرلەتری ئەبرد     لەدڵی خویدا فەنی جۆر ئەکرد
ئەوشەوەش مامە ڕۆژی کردەوەی     لە بەربرسیەتی خەو نەی بردەوە
مامە بەیانی چو بولای پەپو     وتیی: سبەینێ گوێت لە بانگ نەبو؟!
ئەوبێ ئاوەزەی ئەوتوڵە بابە     بانگ وێژەکەمان: ئەوکەڵبابە
ئیمان ودینی لەلا نەماوە     بانگی بەیانیی نیوە شەوداوە
بەدەستوری شەرع خوێنی حەلاڵە     ئیتر نزیکیی بوٚمن بەتاڵە

Dr.Saleh Ebrahimi



مەلعو نێکیوا حەقی ئیعدامە    دۆسی کردنی لەمن حەرامە
پەپو سڵێمانە وتی مامەگیان!    تۆ خۆت پیاوێکی زاناو موسوڵمان
تۆ چاک ئەزانیی حوکمی ئەوچییە    لەمەسەلەی شەرع من ئاگام نییە
ڕێوی بانگ وێژی بانگ کردە شوێنێ    تا حوکمی شەرعی باش پێ بنوێنێ
هەڵمەتێ سەختی بۆکە ڵەباب برد    لە پەنایێکا نۆشی گیانی کرد
پاش ئەوە خواردی دەمی لستەوە    زکی تێر بووبوو هەڵی ئەختەوە
چەند قوناغیێتر ڕێگایان بڕی    مام ڕێوی پەپوی بۆلای خۆی چڕی
بە ناوچاو گرژی و بەعەسەبانی    وتی حەرامە بۆمن زینگانیی
بە راستی دڵم لە «کەو» ئێشاوە    هیچ نرخ و بایی لەلام نەماوە
چونکە دڵتەرو بە عیشوە و نازە    قوتە قوت کەرو زۆر هەوسبازە
دایـیم بەردەوبەرد ئاواز ئەخوێنێ    خاڵ و مێڵی خۆی بە خەڵک ئەنوێنێ
تۆ خۆت ئەزانی پیاوێکم زاهد    شەریعەت ڕەوو وارعو عابد
بێڕیا ودرۆ دڵپاکو صادق    ناجۆرە بۆمن هاورێیی فاسق
لەلایێ تریش کە و دوژمن دارە    لە دوی ئەگەڕێن صبح و ئێوارە
ئەترسم ناگا بزانن پێمان    بە هاورێیی ئەوتۆمەت دەنلێمان
ئیعدام کردنی فاسقێ وەها    شەرعاً واجبەبێ چون و چرا
پەپو سڵێمانە وتی من رازیم    بۆچ پێم پرس ئەکەی مگەر من قازیم؟!
مام ڕێوی کەوی بانگ کرد بۆ شوێنێ    تاحوکمی شەرعی باش پێ بنوێنێ
بە قە پێ ملی ئەویچی شکاند    خواردی و بەجەزای کردەی خۆی گەیاند

## مام ڕێوی ...

پاش چەندرۆژیێتر ڕێکایان تەی کرد    مامە تەشریفی بۆلای پەپو برد
وتی بۆشتێ دڵم زۆر تەنگە    ئەمەوێ بێڵێم زمانم لەنگە
قالاو مەلێکی زۆر چەچو لبازە    دزو ناپاک و ناخۆش ئاوازە
بەدتەشک و نەگبەت شوم ورۆرەشە    لە ئیمان دورو لەدین بێ بەشە

ئەبێ بکوژرێ خوێنی هەدەرە
چونکە ڕوورەشی ڕۆژی مەرحشەرە

پاش ئەوە ڕێوی قاڵاویشی خوارد
بەزکی تێرۆماوەیێ ڕای بوارد

ڕۆژێ لە ڕۆژان زۆری بەرسیی‌بو
سەری بەرزۆکرد پرسی لەپەپو

وتی ئەم تانجە کێ بە تۆی داوە؟
من وام بیستووە ئەڵێن درزاوە!

وتی: باپیرم لەلای «سلیمان»
نۆکەری کردوە بەدڵ و بەگیان

شاترێ بوە لە ناوی وەڵات
ئەویش ئەم تانجەی کردوەتە خەڵات

مام ڕێوی وتی: نەخەیروانییە
بۆدرۆ وراسیی تۆبۆوە بەڵگەت چییە

ئەگەرراس ئێژی؟ قسەت بەجێیە
بێنە بزانم شاهێدت کێیە

چونکە من پیاوێ شەرێعەت ڕەوم
بەشەو نوێژ ئەکەم تارۆژ ناخەوم

چۆن ئەبێ هاودەم پیاوێکی دزبم
لە دەرەگای باری شەرمەندەو کزبم؟!

پەپو وردۆ بو زانیی کەرێوی
ئەیەوێ بی کا بەلوقمە شێوێ

ئەنجا کەوتە ڕێ بۆشوێنی شاهید
بی‌هێنێ بۆلای مام ڕێوی زاهیدی

چاوی خست ناگا دوتوڵی چەتون
لەسەردا بەتاوهەردو بەرۆبون

پەپو بانگی کرد شاهیدواهاتن
گەلێ موخلیسی بەژن و باڵاتن!

ڕێوی ڕوانی زۆربە سەلیقە
دوتوڵ لەسەردادێن وەک ترێشقە

وتی قەبوڵە زەحمەت نەکێشن
ئیتر بانەیێن پێیان ئەیێشن

پەپو وتی: نە بابێنە حوزور
چون دوروست نییە شەهادەت لەدور

ڕێوی لەترسا پێچێکی بۆکرد
بەلام تولەکان هەڵمەتیان بۆبرد

جەزای کردەوەی خۆی پێیان‌نواند
دایا بەعەرزا کوڵکیان وەشاند

پەردەی فەن وفێڵ هەرئەبێ بدرێ
بەفێڵ نان خواردن ئاخر هەرئەبڕێ

ڕاستیی بگرە پێش‌تا بەرزبێ پایەت
قەت نەبڕێتەوە سودو سەرمایەت[1]

---

۱- ڕۆژنامەی کوردستان: چاپی تاران پەرەی ۹ تا ۱۳ - چوارشەمە ۹ی خاکە لێوە (نوسان) ۲۵۷۳ک و ۱۳۴۰/۱/۹ی هەتاوی و ۱۱ی شەوالی ۱۳۸۰ی مانگی و ۲۹ی مارسی ۱۹۶۱ی زایینی (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



## ئەمەش ئافەرین نامەی دوکتور محەمەد سەدیق موفتیزادە بۆ دەنگ خۆشی بەناو بانگ حەسەن زیرەک[1]

هونەربە شێکی خودا داوە زۆرتری بە هەولّ و تێکۆشان نییە هونەربارە یێکە بە هەمو کەسێ نادرێ هونەر بە خوێنەواریی نییە هونەرتیشکێکی بەتینە کە لە جیهانی پەنامەکییەوە پرشنگی خۆی بەرئەداتەوە لە ناکاو ئەکەوێتە سەردڵێک ئەودڵە روناک ئەکاتەوە بەبێ ئەوە خاوەن دڵ ئاگای لە خوێ بێ. یەکێ لەو کەسانەکەبەبارەی هونەری پەنامەکیی رازاوە تەوە کاک «حەسەن زیرەک»ە کە بەبێ ئەوەی بخوێنێ هۆنەرێکی تەردەس و بەستەدانەرێکی چالاک و نوکتە وێژێکی قورس و قوڵە؛ ئەوهونەرمەندە هەروەها کەشێوە و چارەنوسی زۆربەی هونەرمەندان ئەبێ وابێ لە ژییانی خۆیدا ناکامی و چەوسانەوەی زۆری دیوە؛ تاڵی و سوێری رۆژگاری گەلێ چێشتوە؛ لەگەڵ ئەو هەموە سەختی و تەنگ و چەڵەمەشداکەبەسەریا هاتوە هونەرە بەنرخەکەی خۆی لەهەرکاتو رۆژیکداکە هەلیبۆکەوتبێ بۆخزمەت بەگەل و نیشتمانی بەکاری هێناوە.وەدەرخستنی هونەرەکەی بۆ بەتین کردنە وەی پایە و بناغەی موسیقای کوردی بەئەرکێکی گەورەی سەرشانی خۆی زانیوە.

بەداخەوە! سەرلێ شێواویی و پەشێواویی گەلەکەمان بووەتە هۆی شپرزەیی و لێ قەوماویی ئەو هونەرمەندانەمان کە دەستی ستەمی رۆژگار لە خوێندن و رێگاو رەوشتی زانیاری بێ بەشیی کردون؛ وەئەوهونەرە بە نرخەیان وەکو گەوهەرێکی نەناسراوو نەتاشراوو رێک و پێکنەکراو ماوەتەوە؛ ئەگەر وێنەکانی کاک «زیرەک» لە رێگای خوێنەواریو زانیاری یەوە پەروەردە بکرایان بێگومان لەکۆڕو کۆمەڵی کوردەوارییدا بلیمەتێکی بێوێنە و

---

١ - نوسینی ئەم ئافەرین نامە، نیشانەی ئەوەیە کە زانای ناودار بەرێز دوکتور موفتیزادە سەبارەت بەهونەر وەرانی کورد دڵسۆز بوو باش ئەیزانی کە خوالێخوش بو حەسەن زیرک بەو دەنگە خۆشەی کە خوا پێدابو، چلۆن خزمەتی بە زمان و فەرنگ و هونەری کوردی کردو بووە هۆی ئەوە زمانەکەمان باشتر یەک بگرێو لەو هەلّ و مەرجەدا زۆر کەس بە هۆی گۆرانیەکانی حەسەن زیرک فێری واژەی جوان و رەسەنی کوردی بون و کوردییە خۆماڵیەکەیان هاتەوە بیرو کەوتنە بیرکردنەوە بۆ بوژانەوەی زمان و ئەدەب و کەلەپورو ساز و ئازادی رەسەنی کوردی،بەراستی ئەم ئافەرینەی دوکتور لە جێگای خۆیدا زۆر بەنرخە،خواهەر دوکیان لەگەڵ ئەنبیاو ئەولیا و پیاوکاندا حەشر بکات (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



هونەرمەندێکی پایە بەرزی جیهانیی ئەبون کەگەلی کورد لە ئێستا چاکتری شانازی یان پێوە بکات.

کاک «زیرەک» بەبێ کەسب و کۆششت چەند هونەری تێدا کۆبوتەوە کەکە مترلە کەسانی خوێنەواریش‌دا ئەو هونەرانە کۆئە بنەوە: هۆنەریی بە ستە دانەریی، دەنگ خۆشیی، قسەزانیی.

کاک «زیرەک» هەروەها کە هونەرمەندێکی پایە بەرزی کوردە، زۆر قسەخۆش و خوێن گەرم و دەس و دڵ بازە، وەلە دۆستایەتی‌دا راستو دورستە؛ وەگەلێ نیشتمان ویستو رەگەزپەروەرە.

کاک «زیرەک» تائێستا نزیکەی هەزارگۆرانیی و بەستەی لەرادیوی کوردیی «عیراق» و «ئێران» داتۆمارکردوە؛ زۆر تری بەزمەکان و هۆنراوەکانی ئەوگۆرانی یانە،خۆی دای‌ناوە.

دەنگی کاک زیرەک بۆ خوی‌دەزگایێکی ئورکیستری کوردی یە چونکە لە هەرچریکەیێکدا چەندجۆر ئاوازی موسێقاهەست ئەکرێ؛ ئەودەنگە بە سۆزە لەگەڵ بەزمە دڵرفێن و هۆنراوە تەرو تازەکانیا،یەکی‌گرتوەو بووەتە هۆی ئەوەکە هیچ‌کوردێ خوێن پاک نییە،کاک «زیرەک» نەناسێ؛ و بەگۆرانی یەکانی گوێ نەدا،وە لەکانگەی دڵەوە بەرێزی نەگرێ...

«کاک حەسەن زیرەک» بۆئەوەکە چلۆنایەتیی ژییانی خۆی بەهەموکوردێکی نیشتمان ویست و هونەر پەروەر بناسێنێ کورتەیێ لەرابوردوی ژینی تاڵی خۆی هۆناوەتەوە کە بەراستیی هۆنراویکی وەها جوان لە هونەرمەندێکی نەخوێنەوار. گەلێ جێگای سەرسوڕمانە. هیوایە ئەوهونەمەندە بەنرخە لە پێناوی خزمەت بەگەل و نیشتمان‌دا پیرۆزبن وە لە سێبەری بەختەوەریی‌وکامەرانیی گەلەکە ماندا بحەسێنەوە:

«زیرەک»! زۆرت‌کرد خزمەتی هونەر ژیـنت لە پێنـاو هـونەر بـردە سـەر
بـاوەکـو لە ژیـن نـەحە سایە وە پە ژارەت زۆردی، زۆر چە و سایە وە
رۆژگـارت سـاتێ بـە بـێ غـەم نـەبو بـەڵام لە هـونەر هـیچت کـەم نـە بـو

ئەمەیش هەندێ، بەسەرهاتی حەسەن زیرەک، ئەو هونەروەرە ناودارە، دەنگ خۆشە، بەشیعرو بەقسەی خۆیی کە خۆیی، بە شیعر لە بابەت ژیانی خۆیەوە، رای‌گەیاندوە:

Dr.Saleh Ebrahimi



خەڵکی بۆکانم کوردێ خوێن پاکم      برام «حسین»ە و خاتو «آمین» دایکم

نـاوم حـەسەنە بـاوکم «عـبداللـه»      خوشکم سارایە؛کاك مینە کاکم

دەستی قودرەت بو بابم کۆچکی کرد      دایکم مێردی کرد زۆر بە دەست و برد

بەو جۆرە ماڵی ئێمەی بە قـورِ گـرت      بزنی دە فرۆشت، دەی گوت مانگا مرد

خوشك و برامـی وادەر بـەدەر کـرد      خەڵکی بۆکـانی لێمان خـەبەر کـرد

بنـاغەی مـاڵی لە بـن دەر هـێنا      سەبارەت بە مێرد گشتمـانی دەر کـرد

* * *

هـەشت نـۆ سـاڵە بـوم بـە عـەمەلە      لە کـار کردنـا زۆر ئـەمکرد پـەلە

لەم دێ بۆ ئەودێ لەم شار بۆ ئەو شار      لە بەر بێ کـەسیی کـەوتمە ئـەو هـەلە

* * *

تـا یـازدە سـاڵە ئـاوا کـارم کـرد      مانگیٌ شەش تمەن مـن بێگـارم کـرد

بـراکـەم گـەورە بـو کـچێکی رفـاند      ئەمنیشی تار کرد، هەردێ و شارم کرد

تـار بـوم هـەلاّتم روم کـردە سـەقز      بـومە چـاو سـاغی مـەلایێ حـافز

مەلا چ مـەلا؟! بـە تـوانـج و بوختـان      لە جیـاتی ئـامانج کـردیشمی بـە دز

* * *

لە (١٢) سـاڵە بـوم بـە قـاوەچی      ئیتر لە کـوێر و مـن لەو نـاوەم چـی؟

حـەق ١٣ شـایی، رۆژ تـا ئـیوارێ      ئیدی لەو ریسەو من لەو داوەم چـی؟






حەسەن زیرەك

Dr.Saleh Ebrahimi



**دەنگ خۆش و هونەروەری بەرێز حەسەن زیرەک لە بابەت موسیقاوە ئاوادەڵێ:**

## چەن دێڕێک لە سەرتەعریفی هونەرو موسیقادەدوێن

موسیقا! خۆشی رۆحی بە شەری — صاحبی دەست و پەنجەی گەوری
ئورکێستێر! مردم لە سەر قەبرەکەم — بێت دەنگی نەوات بۆ هونەرەکەم
موسیقا! شەرتە هاورازم تۆبی — پاشی مرد نیش دەمسازم تۆ بی
موسیقا! هەر تۆی رۆح و گیانی من — موسیقا! خۆشی بۆ ژیانی من
موسیقاو بەستەو نەغمەو گۆرانی — مردو بانگ دەکا لە قەبرستانی
لادەبەن غەمو دەبەن دڵ تەنگی — هەرکەس بە نەوعێ دەبیستێ دەنگی
ئەمما داد لە دەس دەنگی «گزنفۆن» — بە شیدەت دەدا جوابێ بە «باسۆن»
ئەوەڵ «ویبرافۆن» دوهەمیش «ئەرگ» — پیاو نەجات دەدا لە غەم و لە مەرگ
ئەوەڵیان «سنج»ە دوهەمیان «بانجۆ» — پیاو رزگار دەکەن لە شین و رۆ رۆ
«هارمونیک» وەختێ ئەگرێتە دەستی — ئینسان ئەخاتە عالەمی مەستی
زەمانێ گەردێ صەدای «ساکسیفۆن» — لە دەنگی دەپسێ پەردەی «میکرۆفۆن»
نەوای «قەرەنەی» بانگ دەکا «تەنبور» — پەردەی گوێ دەدرێ لە نزیکو دور
«تەنبور» نەجیبە سەدای زۆر گەرمە — دەنگی مەحزونە پەردەی لە بەرمە
«دوتار» و «کیتار» شاگردی سێ تار — دەنگیان هێند خۆشە لە دڵ دەبەن بار
ئافەرین «سەنتور» دەنگت چەن خۆشە — صاحیب هونەران دەکەی بێ هۆشە
دەنگی «ماندۆلین» گرمەی «ترومپیت» — دەتخانە خەیاڵ سواریی ئەسپی کوێت
وەختێ دەبیسترێ دەنگی «کرنترباس» — دەنگی لێوە دێ بە هەزار تەماس
دەنگی «دمبەک» و صەدای «دوزەلە» — دەتخانە شایی و هەرا و هەلهە لە
دەنگی «دەف» چاکە بۆ دەروێشەکان — بۆ صۆفی و مرید بۆ قۆرکێشەکان
«دەهۆل» و «زورنا» خۆشە سەحری — سەر لە سەر رین بتاخاتە بەری
یا لە بۆ سوارە و لە بۆ شەرەکەڵ — ئینسانی بە ذوەق دەخاتە گونگەڵ

Dr.Saleh Ebrahimi



له خـــه‌و هـه‌ڵ ده‌ستن یـاران خـه‌رامـان     ده‌چـــنه هـــه‌ڵ پـه‌رکێ بـه هـه‌ڵه‌و داوان
ئه‌ممـــا «کمـــانچه» ده‌کـــا فـیکه فـیك     دڵـی جـوان و پـییر دێـته جـیکه جـیك
ئه‌ممـــــا داد له ده‌س ده‌نگـــی «بـــاڵه‌بان»     شـوان دێـنێته ره‌قـص له ده‌شت و له‌بـان
«شمشـــال» تـــایبه‌تی ده‌ســـتی شـــوانـــه     موسیقـــای کـــوردان نـه‌غمه‌ی کوێستـانه
صـــه‌دای «فـلوت» دێ چـه‌نده بـه‌له‌نگی     بـــانگ ده‌کـــا بـــرام! «دائـره زه‌نگـی»!
«زه‌رب» و «دایـــره» گـــه‌ر دێـنه سامان     بـــه بـێ ئیختیـار ده‌مکـه‌ی سـه‌رگه‌ردان
«چه‌نگ» موسیقێکه چه‌ندین قـه‌رن پـێش     وه‌خـــتێ لێ ده‌درێ دڵ ده‌کـــاته کـێش
ئه‌ممـــا داد له ده‌س «جـــازی»فـــه‌ره‌نکی     گـــه‌ر هـونه‌رمه‌ندێ ده‌یگـرێته چـه‌نگی
«وییه لـۆن‌سڵ» ده‌دا صـه‌دای دڵ تـه‌نگی     بـــــرۆانـــــه‌سیمی بـــــبیسته ده‌نگـــی
«پیـــانو» شـــای هـــونه‌ر و مـوسیقه داره     خـوشتر له‌کـول شت «وێـلۆن» و «تـاره»
«عود» گه‌ر بانگ ده‌کا ئه‌رێ هوێ «قانون»     ســـیمی ده له‌رزێ دڵ ده‌کـــا زه‌بـــون
«ئاکوردئون» صه‌دای له چـه‌ندین نـه‌زمه     «جـــونبش» کـاسه‌ی زێـو چـه‌ند جـه‌زمه
ئه‌مـــــانه هه‌رکـــــام بـــــه ســـۆز ســـازێ     بـــۆت ده‌کـــه‌ن بـــه‌دل رازو نیـــازێ
موسیقـــای کـــوردی ئـــه‌رازێـــنه‌وه     ریشـــه‌ی دڵ بـــه‌جۆش ده‌له‌ر زێـــنه‌وه[1]

□ □ □

## هونه‌روه‌ری ناودار: قاله مه‌ڕه

قاڵه‌مه‌ڕه یا (قادر عبداللّٰه) شمشاڵ ژه‌نێکی نـاوداره، نـه‌واری شمشـاڵی قـاله‌مه‌ڕه له زۆربه‌ی ماڵه‌کورده‌کاندا هه‌یه و زۆر دڵگیر و خۆشه به‌لای منه‌وه ئاهه‌نگه شمشاڵه‌کانی قاله مه‌ڕه له‌ره‌سه‌ن‌ترین ئاهه‌نگی کوردی یه‌،که له‌که و ناراوه به‌مجۆره بۆ نه‌ته‌وه‌ی کورد پارێز راوه‌و قاله مه‌ڕه‌ش به جوانی ئه‌م هونه‌ره‌ده‌زانێ. قاله‌مه‌ره له ئاوایی کولیجه‌ی سه‌ر به‌مه‌هاباد له حودودی سالی ١٢٠٧ی هه‌تاوی له دایك بووه، ناوی باوکی قاله مه‌ره (محه‌مه‌د)ه قاله‌مه‌ڕه هه‌ربه منداڵی خوی به شمشاڵ لێدان گرتووه و فێری ئه‌و هونه‌ر بووه‌و هه‌رکه‌س له‌و ئاهه‌نگانه

---

١ - چریکه‌ی کوردستان دانراوی حه‌سه‌ن زیره‌ك چاپی ١٣٤٥-١٩٦٦ تاران ج ١ - (شه‌پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



شارەزا پووە خوی داوەتیی، تافێری بووە، تابۆتە ئەم هونەروەرە بەراستیە، کە زۆر ناوی دەرکردوە، وەک ئەوە مام رەحمان عەبدوڵلازادە مامی قالە مەرە و مام برایم مامی قالەمەڕە کەئەوانیش هەر لەکولیجە دانیشتون شمشاڵ ژەن و دەنگ خۆش بون وکاریان کردۆتە سەر قالەمەڕەی برازایان و ئەمیش جوان فێری ئەم هونەرەبووە. قالەمەڕە بۆ رادیو کرماشان، مەریوان، سنە،قەسری شیرین، گورگان، ئیسفەهان، یەزد و رادیو بافەق بانگ کراوە و دەنگ و شمشاڵی خراوەتە سەر شریت و نەوار. هێندێک لەو ئاهە نگانەی کە ئەم هونەرمەندە بە شمشاڵ لیێ داون و لەسەر شریت زەفت کراون ئەمە ناوکانیانە:

کاکە مەم و خاتوزین فۆلکلۆر.


گەلۆ - فۆلکلۆر.

ئایشە گوڵ - فۆلکلۆر، مەقامی "سێوە"ی خۆشخوان.

پیرەهەڵۆ - مەقامی کاوەیس ئاغا.

قەڵای دمدم - فۆلکلۆر، بەیت.

رمبازێن، هەوای بوک گواستنەوە - فۆلکلۆر.



هەوای چۆپی - فۆلکلۆر.

تەیری گەرمێن - فۆلکلۆر.

هەواری ترکانە - فۆلکلۆر، بەیت.

هەوای حەیران - فۆلکلۆر.

خانباجی - فۆلکلۆر.

Dr.Saleh Ebrahimi



## لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ک: (کرماشان)

## فقهُ اللّغة

(کرماشان) ئه‌م ناوه‌ به‌م (کرماشان) جۆره‌ زۆر له‌ مێژه‌له‌ناو خه‌ڵکی کرماشاندا به‌سه‌ر زارانه‌وه‌ هه‌ر باوه‌وتائێستاش هه‌روا ماوه‌و له‌ناو بۆره‌پیاوان و خه‌ڵکی ئه‌و ناوه‌ نـاوه‌ هێمـان نه‌گۆڕدراوه‌.

به‌ڵام (کرمانشاه) یا (کرمانشاهان) تازه‌خرا وه‌ته‌ ناو نامیلکه‌وکتێب، ئه‌ویش له‌لایه‌ن پیاوانی حوکومه‌ت و موسته‌وفیان = حیسا ونوسان =کارمه‌ندانی حیسابداری و فه‌رد نویسان - ه‌وه‌ - له‌م‌سه‌ته‌ی ئه‌م دوایه‌.

دیاره‌ ئه‌م‌ناوه‌ (کرمانشاه‌یاکرمانشاهان) نه‌بون‌که‌ به‌هه‌ڵه‌ له‌باتی (کرماشان)کرمانشاه‌یا کرمانشاهان یان به‌سه‌ر ئه‌م ناوه‌دا، دابڕیوه‌.

ناوی ئه‌م شاره‌ (کرماشان) له‌بنه‌ره‌تا (کرماچان -کرماجان) ه‌ - واتا: شاری کوردان.[١]

له‌سه‌ره‌تای ئیسلامه‌وه‌ مێژو نوسانی. مسوڵمان ئه‌وه‌یان به‌شێوه‌ی (قرماسین - قرمیسین) به‌پێی جۆری خوێندنه‌وه‌ی خۆیان نوسیویا نه‌که‌ئه‌ بێ بزانین:

١ - به‌شێوه‌نوسینی (قرماسین) یا (قرمیسین) « - ین» ی دوای واژه‌که‌هه‌مان ( - ١ ن)ی ئاخری شێوه‌ی شکڵی «قرماسان» ه‌ - ونیشانه‌ی کۆ: (جه‌م) ه‌ و (ی) به‌رله‌ (س)ێنیش هه‌مان (١) یه‌ له‌واژه‌ی (قرماس) موعه‌ڕه‌بی (کرماچ)ه‌،دیاره‌ هیچ وه‌ختێ واژه‌که‌ به‌ شکڵی تاک به‌ناوی، ناو بۆ ئه‌م (کرماشان) شاره‌، به‌کار نه‌براوه‌.

٢ - له‌شێوه‌ی به‌عه‌ره‌بی خـوێندنه‌وه‌ی‌وا له‌بـه‌را قسه‌مـان لێـوه‌ کـرد (ن)ی شێو ئـاوا (به‌رله‌ده‌نگی (چ) که‌له‌راستیدا له‌به‌را به‌ئه‌لفه‌به‌روه‌که‌وه‌ لکاوه‌ و تێکرائه‌لفی (گن = غونه = له‌لوت وکه‌پۆدا قسه‌کردن) سازئه‌دا، له‌زا راوه‌کانی جنوبی خۆرئاوایی ئێران «کوردستان» دا له‌سه‌ره‌تای ئیسلامه‌وه‌ بۆئاسان خـوێندنه‌وه‌ فـڕێدراوه‌. له‌گـه‌ڵ ئـه‌وه‌شدا ئـه‌توانـرا وه‌کـو

---

١ - لێکۆڵینه‌وه‌: فه‌رهه‌نگی نامهای پرنده‌گان چاپی ١٣٦١ی هه‌تاوی له‌بابه‌ت (کرماشان) ه‌وه‌ نوسراوی موحه‌قیقی ناو داردوکتور محمد کیوان موکری.

Dr.Saleh Ebrahimi



زاراوە کانی باکوری تر: (شمالی تر)ی ئەم کەوشەنە،واژە گەلی وە کو: «قرمانسین» و «قرمیسین» گۆڕدراو و بەعەرەبی کراوی واژەی (کرمانچان - کرمانجان = کرمانشان) هەبیّ، بەلاّم ئەم واژانە لە کۆنە زاراوە کانی ناوەندی ئەم مەڵبەندە(ن)ی غوننەی باکوری نییە.

٣- ئەگەر بەهەڵکەوت لەنوسخە بەدەلی (ن)ی غوننەی قەدیمی حەزف‌کراو دەرکەویّو شکڵی «قرمانسین» و «قرمیسین» ببیندریّ ئەمە ناتوانیّ ئەمە بگەینیّ‌کە پاژی یە کەم لەوواژەدا «قرمان یا قرمین» بەعەرەبی کراوی «کرمان» بوبیّ، بەڵکو نشانەی ئەوەیە کە پاژی یە کەمین لەوواژەدا «قرمانس یا قرمینس» گۆڕدراوی کرمانج و ئیمالەی ئەویش (کرمینج)ە.

٤- لەبارو بابەتی دەستوری (قەڵب و ئیبدال) ەوە، نەلە زمان و زارا وە کانی کوردیو ئێرانیدا و نەلەواژە گەلی بەعەرەبی کراوا، لەهیچ دەمێدا (ش) ینی ناوەراست بە (س) و (ه)ی خەتم کراو بە (ن) تەبیدیل نە کراوەو نە گۆڕ دراوە.

آوای (س) لەشکڵی بەعەرەبی کراوی سەرەوەداو (ش) لە بێژەی (کرماشان) دا (چ)ی قەدیمی موتەمایل بە آوا کانی (ج و س) ە - واژەی (قرماسین یا قرمیسین) تەنیائەوەی لەدەس دیّ بەعەرەبی کراوی شکڵی کرماچانو (کرماجین)ویا کرماجان و کرماجین) بیّ، نە ك (کرمانشاه).

ئەبیّ بڵێین کە لە کاتی کردنەعەرەبی واژەی کوردی دەنگی (چ) ئەبێتە (ص). وە کو چین صین گەچ جص لەواژەی (صایەن قەلاّ = شاهێندژ (ص) لەباتی (س) لە عەرەبیدا خوێندراوەتەوە. (سئە = (س . ء . ن) ئام وێستایی: (شاهێن)ە کەلەزمانی فارسیدا بوّتە (ش [١]).

ئەو میسالانەی سەرەوەنیشان دەری ئەوەیە کەئەگەر (چ) لەواژەی (کرماچ) هەرئەو (چ) - (قرماصین) و (قرمیصین) بوایێ، نە ك (قرماسین)و (قرمیسین) بەواتاییّ‌تر عەرەبییە کەی (کرماچ) واژەی (قرماص) بیّ، نە ك (قرماس).

---

١- هەر چەن لە روژگاری ماننا کاندا شاهیندژ (سایەنقەلاّ) ئەوکان بووە،بوٚگە بەسی لای بوٚکان بەیت بەگەیا «بەیت بەگی» و بوٚکان بەغ،بەگ،بی‌بی کەند،بەی کەن،شوێنەواری لای رەحیم خان سەراو،قەلاّی ئاغجە یوان،فەرهاد تاشی سماقان،قەلاکچی لای بوٚکان،شێز هەموهی کوردەماد - ەکان بووە - ئەرد لە ئەسلاّ ئەرت بووە و بە مانای پیّروزە،وەك ئەردەلاّن ئەردەشێر یا قورە بەراز لە شار بەرازی فەرماندەی لە شکری خوسرە و پەروێز - گیراوە کە لە ٦٣٣ز-لە ترسی هیراکلیوس روٚم هەلاّت و چوە گەنجە: جزن تا شاهین و شار بەراز بگەنە هاواری،یاکو باگوان: شاری خودا،بەغدا،باقوبە: باکوا: شاری خوا،یا شوێنەواری قەبری فەروەرتیش پاشای ماد (٩٥٥-٦٣٣) بەرلەزاین - پەرەی ٤٢ تا ٥٠ ماموٚستای کورد ژمارەی ١٥ بەهاری ١٩٩٢ کاك ئەنور سوڵتانی.

Dr.Saleh Ebrahimi



٥- له‌زمانی کوردی و فارسی و له‌هه‌مو زاراوه کانی ئێرانی‌دا چ له‌ده‌رونی یه‌ك زمانی تایبه‌ت‌دا چ له به‌را وردکردنی زا راوه کانی نێزیک به‌یه‌ك. گۆڕانی (چ) به (ج) و (چ) به (ش) وبه‌رئاوه‌ژویش زۆر باوه‌و میسالیشی زۆره:

دچار (فارسی) تو شیار (کوردی)[1]

کیجا (مازنده‌رانی): دختر،کچ (ك.چ) (کوردی) دختر،که‌نیشك (ك. نی. ش. ك) کوردی:

زه‌ن: ژن (هاوڕیشه‌ی (که‌نیز) و (که‌نیزه ك): خادیمه، جارییه، به‌رده‌یێ که‌ژن یاکچ بێ.

لوچ / لوش - زاچ / زاج - کاشی / کاچی - چاچ / شاش (ناوی به‌روی تاشکه‌ند) - کاچ / کاج - کاش = (= کاشکی) - کچکۆڵ / که‌شکۆڵ نه‌تیژه،کرماچان.کرماجان،کرماشان.

٦- کردنه عه‌ره‌بی آوای خلف الحنکی (پشت مه‌لاشو)ی ئه‌صه‌م (که‌ڕ) ی (ك) به آوای غلصمی ئه‌صه‌می (ق) له واژه کانی به‌عه‌ره‌بی کراوی (قرماسین) و (قرمیسین) له به‌رشۆین دانانێکه (که)ڕیی قه‌ڵه‌و - یا ده‌نگداری په‌هله‌وی = کوردی، که‌به‌سه‌رده‌وروبه‌ڕی هیجایی،ته‌ك واژه‌یی خۆیدا بۆوێنه به‌سه‌ر (ك)ی ساکینی سه‌ره‌تاییدا دای ناوه.

(ڕ)ي قه‌ڵه‌و مه‌خه‌ره‌جی ده‌نگی به‌سراوی (ئینسدادی) (ك)ی به‌ره‌ودوا گێراوه‌ته‌وه، آوای: (ده‌نگی) غه‌یره ته‌نینی نێزیك به‌ده‌نگی له‌هوی یا غلصمی (ق) به‌گۆێ ئه‌وانه‌ی‌وا قسه‌یان به‌م‌واژه نه کردوه، گه‌یاندوه‌و چون ئه‌م ده‌نگه‌له‌ئه‌لفه وبێیی خه‌تی ئیسلامی فارسی / عه‌ره‌بی دا نیشانه‌یه کی تایبه‌تی نه‌بوه (له‌ئه‌لف و بێیێ مادی وپه‌هله‌وی و قه‌دیمی کوردستان و ئێرانیشدا نیشانه‌ی ده‌نگی نه‌بوه).

یائه گه‌ر بوبێتیشی له‌بیره‌وه چوه‌و ئه‌ویان به‌شكڵی مومکینی نێزیك به‌و، یه‌عنی به‌وێنه‌ی (ق) نوسیوه: کرماچان (ك. ر. ما. چا. ن) قرماسان (به‌ر له‌ئیماله‌ی ئه‌لف به، ی) (ق. ر. ما. سا.ن.) - قرماسین: به (ر.ی) ده‌نگدار - (بڕوانه اَلْهِدِیَّةُ الْحَمِیدیةُ فی اَللّغةِ الكوردیةِ، موعجه‌می

---

١- سه‌رچاوه‌ی به‌رو: دوکتور موکری. - کیجا: کیژا، کیژان ناوی کچانه له کوردیدا (شه‌پۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردی - عەرەبی[١]. (ڕیی) دەنگدار یا قەڵەو بەناوی یەک واحیدی دەنگی سەربەخۆ (فونم) لەزمان و زاراوەکانی خۆرآوا و ناوەندی ئێراندا هەربەو خۆیندنەوە، بەلاّم بەناوی یەکواحیدی دەنگی دوە می، یافەرعی (وەچەیی) لەحاڵی نوسان دابوە و لەژێر شوێنی آواکانی موصەمیت (بێدەنگ)ی بە سراوی: (ئینسیدادی) دەوروبەری هیجایی خۆی حەرەکەتی: (بزوێنی) دەنگێکی تێکلاّو لەخۆیدا بۆ ماقەبل بە وێنەی ژێری سوک یا بۆری سوک (بەپیێ میسال) نەقڵ کردوەولەزمانی فارسی ڕەسمی ئەدەبی لەبەر ئەوەی بزۆین نەبوەیاوەری نەگرتوە، بزۆینی سوک بۆتەژێر، سەروبۆری مەعمولی.

حەرەکەتی (بزوێنی) دەنگی ڕیێ قەڵەو تەنانەت لە زاراوەگەلێکدا کەلەسەرەتادا بەناوی واحیدی دەنگی سەربەخۆبەکاربراوەلەکاتی تێک هەڵەنگوتنی لەگەڵ دەنگی بەسراوی کەناری و خلف الحنکی (پشت مەلاّشوی) ئەصەموکەڕبۆتەژێری سوک و لەپاشان بۆتە ژێری مەعمولی و لەبەرانبەریشدا لەکاتی تێک هەڵە نگوتنی دەنگی غلصمی ئەصەم (تەنانەت لەواژەی بە عەرەبی کراو) دا بۆتەسەر.

لە شۆینگەلێ تراکەلەم باسەبەدەرەئەم بزوێنە دەنگییە بۆتە بۆر.

دیاری کردنی قەڵەوبونی (ڵ) و دەنگداربون و قەڵەوبونی (ڕیێ) بەناوی یەک واحیدی دەنگی سەر بەخۆیالە ژێرشۆینی دەوروبەری هیجایی: (بین)ی لە وزەی ئەم تۆیژانەوە بەدەرەونیازی بەوردەکاری زۆرتر هەیە، هەڵی دەگرین بۆ جێگای لێکۆڵینەوەی خۆی.

بۆ خۆینەرێ کەبییەوێ ئاگاداری لوغەوی (بێژەیی) پەیابکا بەتایبەت لەم مەبەستەی وائێستا قسەمان لێکرد ئەم هەندە تۆیژانەوە بەسە.

٧- لە نێو ناوەکانی شاروگوندەکانی کوردستانو ئێرانداتائێستاشارێ یاگوندێکی قەدیمی مان نەبیستوە ونەدیوە کەلەدو واژەی وەکو (کرمان) و (شاه) سازدرابێ، دیارە شارێک بەناوی (گیلانشاه، ئیسفەهان شا، تەورێزشا - شیرازشا و... نەبیسراوە).

ریوایەتی عەوامانەوبێ بەڵگە کە گۆیا بارامی چاردەمی ساسانی لەرۆژگاری پاشایی براکەی حوکومەتی (کرمان)ی هەبوە و خۆی بە شای (کرمان) یا (کرمانشاه)

---

١- حَقَّقَهُوَ قَدَّمَ لَهُمَعَ دراساتٍ لُغويةٍ الاستاذالدکتور مکری - مکتبة لبنان. بیروّت ١٣٩٥ ه.ق / ١٩٧٥م).

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوبردوەوله پاشان بەناوی ئەو شارێك لەو جیگایەدا بەناوی ئەو سازکراوە، جێگای بڕوانییە، هەروەکو ئەوە کەبێ لێکۆڵینە وەوتراوە: شاری میصر، میصرائیمی کوڕی ئیسرائیل‌و (شام) سامی کوڕی نوح‌و(تەورێز)یش هارونەرەشیدکە (تەبی) (زیبدەخاتون)ی ژنی لەناوچو ناوی (تەورێز) تەبریز)ی بەسەرابڕا یا(ماداگاسکار) مەلیك ئەصفەرنا وێك‌سازی داوە، یا ڕیشەی لوغەوی (کرمان) لە (گرمان= ژرمان= ژرمەن: ئەلمانی)ئەبڕیتەوە، کەهەموبێ کاکڵەوبێ بەڵگەن.

٨ـچون ئەلف‌ونونی ئاخری ناوی (کرماشان)گۆڕدراوی (کرماچان) نیشانەی جەم‌و کۆلەبابەت ناوی شاروگوند زۆرجاروتای ( جێگا) ئەدا، کاتێ شکلێ کرمانشاەلە نامەودەفتەری حوکومەتا لەباتی (کرماشان) نوسراو بە کار برا، بۆقە ڕەبوکردنەوەی شکڵی پێشوی جاران (ـان)ئ بەرو، بەمیشەوەلکێندراو (کرمانشاهان) بوە نێو بۆ هەمو مەڵبەندی (کرماشان) ئەمەش خۆی بەڵگە یەکی ترەبۆ ڕەسەنی (کرماشان)کەلەباتیان بەهەڵە (کرمانشاە) بەکاربراوە، دیارەرۆحی زمان‌و واتای واژە کە بۆتەهۆی ئەوە (ـان)ئ حەزف کراو، کەنیشانەی جەم‌و کۆیەو زۆرجارانیش واتای (جێ) ئەدا.

لەراستیدا پەیابونی زاراوەی (کرمانشاهان) خۆی ئەمەئەگەینێ کە شکلێ تازەی (کرمانشاە) ڕەق ولە سەرزار ناخۆشە وهەمیشە بەرەو شکڵە بەروەکەی بوەولانی کەم(ـان)ی پاشگری مێژینە و مێژویی خۆی پاراستوە.

بەکاربردنی(باختەران) بەواتای شاریا رێزگەی خۆرآوای ئێران کەلەم رۆژانە [1] دالەباتی (کرماشان) دابڕاوە، دروست نییە، چونکابێژەی (باختەران) لە (آوێستا) دا «اپاخترە» (ا.پا.خْ. ت. رە) ولەپەهلەویدا(اپاختر) «اباختر» (ا. پا. خ. ت. ر) لەبنەرە تابەواتای باکورەولە آوێستا بە جێگای ئەهریمەن و دیووجێی گەزندەوزیان هێنەر، واتا کراوە.

لەزمانی فارسیدا باوەکو ئەم بێژە لەواژەنامەو فەرهەنگدا بەواتای‌با (کور)ە ـ بەلاّم هەندێ لە قسەبێژان و نوسەران (تەنانەت لەسەتەی چارەم‌و پێجەمی مانگی) بەهەڵە بەواتای

---

١ـ مەبەست دوای شورشی ١٣٥٧ تە تا ١٣٧٠ یە، کە بەهۆی پێی‌داگرتنی جەنابی ئیسماعیل خان تەتەری ملە سورە، نوێنەری بەرێزی خەڵکێ کرماشان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران دوبارەلە (باختەران ەوەبۆوە (کرماشان) شەپۆل.

Dr.Saleh Ebrahimi



(خۆرآوا) وجار جارەش بەواتای (خۆر هەلاّت)بەزاریاندا هاتوەو بەکاریان هێناوە ١ دیارە بەکار بردنی ئەم بێژە بۆواتای (خۆرآوا) لەدەسکردودا تا شـراوی کەسـانێکە ئەزان.

لەزمانی فارسیدا (شەرق) بەواتای «خاوەر» و (خۆراسان = خـورآیـان) - لەزمـانی کوردیشا: (خۆرهەلاّت (خ. و. ر. ه لا. ت) = ڕۆژهەلاّت: (ر.و.ژ.ه.لاّ.ت) بەواوی کولۆرو لامی قەڵەو. بەواتای ئەوشوێنەی والە بە یاندا خۆر لەوێوەلەدەم کەل دەرئەکەوێ. و«(غەرب) یش‌یان بەواتای: (خۆرپەران)و (خۆربر) ولەکوردیش دا بە واتای (خۆرآوا) (خ.ۆ.ر.آ.وا) یا (رۆژآوا) (رۆ. ژ.آ.وا) بەواوی کولۆر. ئەوجێگەی وا خۆرورۆژلەدەم کەل لەوێوەآوائە بێ. ئەڵێن: فەخرەدین ئەسعەدگورگانی شاعیری سەتەی پێنجەمی مانگی لە داستـانو چـریکەی (ویس و رامین) داکەلە ساڵەکانی ٤٤٦ی کۆچی مانگیدالەزمانی پەهلەوی: (کوردی)یەوە کردویەتە نەزمی فارسی آوائەڵێ:

زبان پهلوی هرکوشنا سد + (خراسان) آن بودکزوی (خورآمد «خورآسد» پـهلوی باشد» خورآید» عراق و فارس را (خور) زو (برآید) + «خورآسان» رابودمعنی خورآیان + کجاازوی «خورآید» سوی ایران (١)٢.

واژەی باختەر بەواتای (باکور) باواژەی (باختەر) کە شکڵی دێـرینەتری (بـەلخ) لە (ویندیداد ی آوێستا: بخذی (ب. خ. ذی) هاتوە وتێکلاّو بوەوئەشگونجێ بوبێتە جێگـای واتای زێدونەقیزی ئەوە. - ولاّتی (باختەریان)کەناوەندی ئەوێ (باختەر) یا (بەلخ) بوەلە با شوری (جنوبی) - سەغدیان) کە ناوەندی ئەوە (سەغد) یا (سەمەرقەندوبوخارا)ی ئێستابوە.

وواقـیع بـوەووائـەزانـرێ (هـەروەکـولەلۆغەت نـامەی دیـخودایشـدا ئیشـارەبەم مەتڵەبەکراوە. ئیخیتلافێ کە لەواتای (باختەران) ڕوی داوەلەبـاختەریان (بـەلخ) بـوبێ. کـە خەڵک لەجیرانەتی جنوبی ئەوێ، ئەوێیان بە (باکور = شیمال) و هاوساکانی شیمالیش - بە (جنوب باشور) و جیرانەکانی لای خۆرآوایش - بە (شـەرق = خـۆرهەلاّت، تـاوهەلاّت)

---

١ - فەرهەنگی فارسی نوسراوی دوکتور محەمەدموکری تاران ١٣٣٣ی کۆچی هەتاوی چاپی تەهوری.
٢ - (١) ویس ورامین، تاران ١٣٥٧، پەرەی: ١٧١، فەسڵی ٤٨، ئەبیاتی ٢-٤.